# چایکۆفسکی
## ژیان وبەرهەمی

نووسین و ئامادەکردنی: حەمەکەریم عارف

ناوی کتێب: چایکۆفسکی
بابەت: ژیان و بەرهەم
نووسین و ئامادەکردن : حەمە کەریم عارف
تایپ: رزگار حەساری
هەڵەچن: سەرگوڵ محەمەد ئەمین
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٣

پێڕست

١-   چایکۆفسکی، ژیان و بەرهەمی
٢-   فەرهەنگۆک
٣-   ژینامەی نووسەر و ئامادەکار

# چایکۆفسکی
## ژیان و بەرهەمی

گەورەترین دانەری سەمفۆنیای سەدەی بیستەمە – هەڵبەتە دوای بیتهۆڤن – لە خێزانێك هاتۆتە دنیاوە کە شتاقیان پێوەندییان بە مۆسیقاوە نەبووە. لە شارۆچکەی فۆتکنسکدا هاتۆتە دنیاوە کە رێك کەوتۆتە ناوەڕاستی شاری کازان و شاری برم–ەوە.

ئەوەندەی ئێمە لەمەڕ دایکی ئاگاداربین ئەوەیە کە نەوەی پیاوێکی فەرەنساوی فێدار بووە. پێ دەچێت یەکێك بووبێ لە سەربازانی (سوپای گەورە) مەبەست لە سوپای ناپلیۆنە کە لە ساڵی ١٨١٢دا هێرشی کردە سەر روسیا. ئیلیا چایکۆفسکی پیاوێکی رووخۆش و نەرم و نیان بوو. بە توانایەکی دارایی و فیکری مام ناوەندییەوە سەرگەرمی سەرپەرشتییەکان بوو.

لە ئاخرو ئۆخری تەمەنیا بوو بە بەڕێوەری قوتابخانەی هونەری شاری پترۆسبۆرگ. ئەو حەقیقەتانەی کە دەربارەی منداڵێتی (بیوتەر ئیلیچ) لەبەر دەستدان پتر بۆ شیکردنەوەی توێژەران و لێکۆڵەرانی قوتابخانەی فرۆید دەربارەی سەلماندنی بلیمەتی چایکۆفسکی لە بارن تا بۆ مۆسیقاناسانی پڕ ئومێد.

یەکێك لە دایەنەکانی بیوتەر ئیلیچ لە وەسفیا گوتوویەتی (منداڵێکی بلورین) بوو، بە کورتی و کرمانجی(ئیلیچ منداڵێکی توندە تەبیعەت و درێژپەسەندو لە ڕادەبەدەر ناسك و خەمبارو بێ ئەندازە جوان بوو).

ئەم نەقڵەی خوارەوە بۆ ئەو کەسانەی کە دەڵێن شەقڵی فەرەنساوی لە سەمفۆنیەکانی چایکۆفسکیدا هەست پێدەکرێ ، یەکجار بە سوودو ئیلهام بەخشە. ئەو دایەنەی کە لەسەرێ را ئاماژەمان بۆ کردو بە خۆی فەرەنساوییە رۆژێ ئیلیچ دەبینێ کە خۆی داوە بەسەر نەخشەیەکی ئەوروپاداو لێکدا لێکدا روسیا ماچ دەکاو هەموو وڵاتەکانی ئەوروپا تف باران دەکا. (خانی خانم) واتە: هەمان دایەن پێی ڕادەگەیەنێ کە تۆ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئیهانەی من دەکەی. ئیلیچیش خێرا دەڵێ: " ئەدی نەتبینی دەستم خستبووە سەر فەرەنسا ؟ " چ قودرەت بوو کەسێك بتوانێ رەفتاری توند لەگەڵ ئەم منداڵە هێمن و زیرەکەدا بکات. چونکە بە بچووکترین هەڕەشەو تەمێ کردن هەڵدەچوو. لە ڕادەبەدەر هۆگری دایکی بوو. جارێك دایکی لەگەڵ خۆیدا دەیبیا بۆ شاری پترسبۆرگ تا لە خانەی منداڵاندا دای بنێ، هەرکە لەوێندەر دایناو بە گالیسکەکەی کەوتە ڕێ. (ئیلیچ) بەغار بە دوای گالیسکەکەدا ڕایکردو دەیویست خۆی بە پێچکەکانیەوە هەڵواسی. چایکۆفسکی تا کۆتایی ژیانی ناڕەحەتی و ناخۆشی ئەم یەکەم جودابییەی لە دایکی بیر نەچووەوە .

کاتێ دایکی لە ساڵی ١٨٥٤دا بە پەتای کۆلێرا مرد ئیلیچ ماوەیەکی یەکجار زۆر ناڕەحەتو نیگەران بوو، بەڵام وردە وردە ئەم کەلێنەی لا پڕ بووەوەو دایك ئاسا کەوتە سەرپەرشتی کردنی دوو برا چکۆلەکەی کە جمکانە بوون.

دەگێڕنەوە کە یەکەم تەعامولی چایکۆفسکی لەگەڵ مۆسیقادا تەواو مێشکی تێکداوە. ئیلیچ ئاوازە خەمناکەکانی (دونێ زیتی)و (پیلینی) لە ڕادەبەدەر خۆشدەویست. بەڵام هەمیشە پاش ئەوەی دایەنەکەی دەیبردە سەر جێگاکەی خۆی وبە جێی دەهێشت هاواری دەکردو دەیگوت ئاوازەکان لە مێشکمدا دەنگ دەدەنەوەو نایەڵن بخەوم. لە تەمەنی پێنج ساڵیدا کەوتە خوێندنی پیانۆ ، بە لەوەی بگاتە هەشت ساڵان بە ئاسانی دەیتوانی نۆتە بناسێتەوەو بیخوێنێتەوە.

لە چواردە ساڵیدا دەیتوانی پارچە مۆسیقایەکی جوان بۆ سەما دابنێ، بە شێوەیەکی گشتی مامۆستاکانی کە پەیان بە بەهرەی گەورەی ئەو نەدەبرد زۆر بە خەم ساردییەوە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرد. لە ڕاستیدا تا ساڵی ١٨٥٩ کە چایکۆفسکی قوتابخانەی بەجێ هێشتو لە وەزارەتی دادی سنپترسبۆرگدا وەکو سکرتێر دامەزرا هیچ نیشانەیەکی ئەوتۆ دەربارەی کەڵکەڵەو خولیای ئینسانیو مۆسیقایی ئەو شك نابەین کە سوودێکی بۆ ئێمە هەبێ. بەڵام لەم ساڵەوە ئیدی هەر دەڵێی چرۆیەکەو لە نەمامی بوونی تورجنیفەوە سەری هەڵداوە. یانی مرۆڤێکە سەنگینو خۆنوێنو جەنجاڵ . ئیلیچ تەنانەت لە ناو فەرمانبەرەکانیشدا فەرمانبەرێکی یەکجار بێ سەروبەر بوو.سی ساڵی خشت بەوپەڕی بێتاقەتیو بێموبالاتییەوە لەو وەزارەتخانەیەدا کاری کرد. بە جۆرێ کە کاتێ دەستبەرداری ئەو کارە بوو چ بیرەوەرییەکی لەمەڕ کارەکەی لە هزرو بیرا نەمایەوە. بەڵام مۆسیقای لە بیر نەچوو.

لە کۆڕی سەمادا پیانۆی لێدەداو ئامادەبووانی رازیو شاد دەکرد. هەندێجار لەبەرو بێ پێشەکی ئاوازی جوانی دادەناو زۆربەی کاتی خۆی بە بینینی ئۆپراو باڵێ دەبردە سەر . ئاقیبەت بڕیاری دا کە ئەم بێ بەرنامەیی وبێ ئامانجییەی ژیانی خۆی وەلاخاو خۆی بە دانانی مۆسیقاو چاپو بڵاوکردنەوەی مۆسیقاوە خەریك بکات ، ئەم بەرهەمانەی بە پارەی خۆی چاپ دەکردن .یەکێك لە بەرهەمەکانی ئەم سەروبەندەی ئاوازێکی ئۆپراییە بە ناوی (مێزانۆتە) ئەم ئاوازە چڕوپڕو شیرینە کە وەکو زمانی کاندیدای نوێنەرایەتی ئەنجوومەنان پڕە لە خۆ هەڵکێشان وخۆ نواندن ، زادەی دۆستایەتیەکی کورت بوو لەگەڵ (بیکی ئولی) ئیتالیاییدا کە مامۆستای ئاواز بوو و گۆناکانی سووراو دەکردو کڵاو قژێکی ڕەشی لەسەر دەکرد .

چاپکۆفسکی لە ساڵی ١٨٦١دا لەگەڵ خێزانێکی ئاشنای خۆیا سەفەرێکی بۆ ئەڵمانیاو بەلچیکاو ئینگلستان کرد. یەکێك لەو نامانەی کە لەم سەفەرەیدا بۆ ئەلکساندرای خوشکی خۆشەویستی نووسیوە ئەوە نیشان دەدا کە چاپکۆفسکی لەم سەفەرەیدا خەریك بووە پێ بنێتە ژیانێکی نوێی ئەوتۆوە کە سێبەری بەسەر هەموو سەرکەوتنو سەرنەکەوتنەکانی ساڵانی دواتری ژیانیدا کێشاوە. لەم نامەیەدا پاش ئەوەی خۆی لەسەر دەستبڵاوی و زیادە مەسرەفان سەرکۆنە دەکا دەپرسێ ( من تازە چ هیوایەکم بە ئایندە ببێ؟ تەنانەت بیر کردنەوەش لە ئایندە ترسناکە. من دڵنیام کە درەنگ یا زوو توانای خەبتین بەرامبەر بەکێشەکانی ژیان لە دەست

دەدەم. هەر بۆیەش هەوڵ دەدەم تا ئەو ڕۆژە دێ‌و تا بۆم دەکرێ لەزەت لە ژیان وەربگرم‌و بۆ بەدەست هێنانی ئەم لەزەتەش هەرچییەك بە پێویست بزانم بەختی بکەم ، لەم دوو دوا هەفتەیەدا ئەژدیهای نەگبەتی وبەدبەختی شوێنم کەوتووە،. کاری فەرمی –گەلێك خراپە–...) پاش ڕوون کردنەوەی ئەم مەبەستانە بابەتێکی جوان وەکو پاشکۆیەك دەخاتە سەر نامەکەی‌و درێژەی دەداتێ ( ماوەیەکە سەرقاڵی خوێندنەوەی (باسو کونتیۆ)م چاکیش تێیدا پێشکەوتووم . کێ دەزانێ ؟ لەوەیە پاش سێ ساڵی دی لە ئاوازەکاندا گوێتان لە ئۆپراو دانراوە مۆسیقاییەکانم ببێ)لە سەرەتای ئەم ساڵەدا باوکی چایکۆفسکی – ڕەنگە بە هۆی کاریگەریی پارچەی متزانۆتەوە بووبێ– ڕۆژێك لە ناو قسەکانیا گوتی ئەگەر ئیلیچ دەیەوێ ببێ بە هونەرمەند هێشتا زۆری ماوە. چایکۆفسکی لەوە دەرچوو بوو کە پێویستی بە ئامۆژگاری‌و ئیشارەتی تازە ببێ، چونکە کاری فەرمی‌و ئیداری بێزارو وەرزیان کردبوو، لێبڕا دەست لە کارەکەی هەڵگرێ، هەڵبەتە یەکسەر دەستبەرداری کارەکەی نەبوو، بەڵام بێئەوەی کات بە فیڕۆ بدات چووە کن (نیکۆلای ئیفانۆڤیچ تزارمیا) هەرچەندە پیاوێکی شارەزاو زانا بوو، بەڵام بەوە ناسرابوو کە کاری زۆر بە قوتابییەکانی دەکا. چایکۆفسکی لە سەرەتادا هەرچەند خۆشەویستیەکی لە ڕادەبەدەری هونەری لە دڵدا بوو، قوتابییەکی خەمساردو بێ سەروبەر بوو و لەوەش پتری لێ چاوەنۆر نەدەکرا. بەڵام کاتێ کە تزارمیا لە ساڵی ١٨٦٢دا وەکو مامۆستایەك بۆ دەرس وتنەوە لە کۆنسرڤاتۆرێکی (ئەنیستیتۆی گشتیی فێرکردنی مۆسیقا) تازە دامەزراو بانگکرا ئیدی پیوتر ئیلیچش بە باوەڕو متمانەیەکی تەواوەوە شوێنی کەوت.

ڕۆژگاروچارەنووس زەبرێکی توندی لە چایکۆفسکی داو تەواوی ژیانی گۆڕی. لەو وەزارەتخانەیەدا کە کاری دەکرد تەرفیعەکەیان نەدایێ‌و ئەمەی یەکجار بەلاوە گران‌و سەخت بوو. لە مانگی ١٨٦٣/٤دا هەرچەندە باوکی بەشێکی زۆری ئەو سووکە سەروەتەی کە هەیبوو لە دەست دابوو تەنیا ئەوەندەی پێدەکرا شوێن‌و خواردن بۆ کوڕەکەی دابینبکا ،کەچی چایکۆفسکی دەستی لە کارەکەی خۆی کێشایەوە. چونکە لەم سەروبەندەدا مۆسیقا سەرتاپای بوونی داگیرکردبوو و نەیدەتوانی چیدی خۆی بە کارێکی دیکەوە خەریك بکا. چووە دەورەی باڵای قوتابخانەکەی تزارمیاو ئەمجارەیان زۆر بە گەرم‌و گوڕییەوە سەرگەرمی فێر بوون‌و مەشق بوو. ڕێك لەم قۆناخەدا بوو کە ( ئەنتوان ڕۆبنشتاین )ی بەڕێوەبەری کۆنسڤانتۆرەکە کەوتە هاندانی. هەرچەندە ڕۆبنشتاین دە ساڵێك لە چایکۆفسکی گەورەتر بوو بەڵام وەکو یەکێ لە ناوداران‌و پێشەنگانی مۆسیقا شۆرەتی لە سەرانسەری ڕوسیادا بڵاوبووەوە. دیارە ئەم هاندانە کارێکی یەکجار زۆری لە چایکۆفسکی کرد. لە قوتابخانەی تیپەکەی ئەم مامۆستا مەزنەدا بوو کە پیانۆکەی چایکۆفسکی بە جارێ زمانی پژا، ڕۆبنشتاین ئەو دەرسانەی دەگوتەوە کە خەمی تیپە گەورە مۆدرنەکان بوو وچایکۆفسکیش تەبیعەت‌و بەهرەی تێگەیشتن‌و وەرگرتنی ئەو دەرسانەی تێدا بوو،کەواتە هیچ سەیر نیە ئەم لاوە لە ماوەی کەمتر لە ساڵێك بگۆڕێ‌و لە گەنجێکی سەرکێش‌و لە خۆڕازییەوە ببێ بە گەنجێکی زەحمەتکێش‌و قوتابییەکی هێدی‌و

هێمن‌و بە جلوبەرگی سادەو شڕۆڵەوە بەناو ئەم جیهانە بۆش‌و بەتاڵ و پڕ لە فڕو فێڵە بکەویٚ‌و هەرچی فیزو خۆپەسەندییە بخاتە لاوە.
تەنانەت لە ساڵەکانی دواتریشدا کە وەکو گەورەترین دانەری مۆسیقایی سەردەمی خۆی ناوبانگی دەرکردبوو هێشتا هەر تینووی ئافەرینێکی رۆبنشتاین بوو، بەڵام مامۆستای پیر تا مردیش گوێچکەی بە ناوی ئاشنا نەبوو.
چایکۆفسکی لە مانگی ١/ ١٨٦٦ ئەنیستیتۆی مۆسیقای تەواوکرد. بە رادەیەك شەرمن بوو نەیدەتوانی خۆی بۆ تاقیکردنەوەی زارەکی ئامادەبکا کە تەواوکەری شادەتنامەکەی بوو. رۆبنشتاین ماوەیەك هەڕەشەی لێدەکرد کە ئەگەر تاقیکردنەوەی زارەکی نەکات شادەتنامەکەی ناداتیٚ. بەڵام پاشان ژیوان بووەوەو داوای لە نیکۆلای برای کرد کە چایکۆفسکی وەکو مامۆستا لە(کۆنسرڤاتۆ)تازە دامەزراوەکەی مۆسکۆدا دابمەزرێنیٚ. نیکۆلای کە سەرۆکی ئەو کۆنسرفاتۆرە بوو نەك هەر ئەم لاوە تازە دەرچووەی وەکو مامۆستایەك – بە مانگانەیەکی دوو هەزار ریالی– دامەزراند، بەڵکو لە ماڵەکەی خۆیشیا ژوورێکی دایێ.لە بەرئەوەی ماڵەکەی(نیکۆلای رۆبنشتاین) بە شێوەیەکی کاتی مەکتەبی ناوەندی کۆنسرفا تۆرەکە بوو، ئەم کارەی هەندێك خۆپەرستانە دەگرتە خۆ.هەتا کۆنسرفاتۆرەکە ڕەونەق‌و ڕەواجی هەبوو، نیکۆلای تا دەیتوانی کاری لە میوانەکەی دەکێشایەوەو لە ناخی خۆیدا ئاسوودەو شادبوو. نیکۆلای پیاوێکی فرەکارو جەنجاڵ وسەرقاڵ بوو، بەڕێوەبەری کۆنسرتۆرەکە بوو، تا ساڵانێکی زۆریش دەربارەی دانراوەکانی چاپکۆفسکی هاوبۆچوون وبیرورای براکەی بوو و، بە چاوی سووك دەیڕوانییە دانراوەکانی چایکۆفسکی. چایکۆفسکی کاتیٚ گەییە مۆسکۆ بە تاسەوە بوو کە هەندیٚ لە دانراوەکانی لەوێندەر پێشکەش بکاو، بنوێنیٚ. چونکە (یوهان شتراوس)ی بەنێوبانگترین سەرەك ئۆرکێسترای ئەورووپا یەکێك لە پارچە سەماکانی چایکۆفسکی پەسەند کردبوو و بە شایستەی ئەوەی زانی بوو کە بیخاتە بەرنامەکەی خۆیەوە. ئەو بەرنامەیەی قەرار بوو لە کۆشکی ئیمپراتۆری (یافلوفسك) دا پێشکەش بکریٚ.
تۆزیٚ بە خۆی دەنازی. بەڵام نیکۆلای ئەم لە خۆبایی بوونەی لە کەپووی دەرهێنایەوە، یەکەم پارچەی چایکۆفسکی رەتکردەوە. بەڵام بەوپەڕی پارێزەوە رازی بوو لەسەر ئەوەی رێبەری ئۆفەرتۆرێکی افتتاحیەی دی بۆ بکات‌و ئەمەش بووە مایەی ئەوەی تا رادەیەك ناوی چایکۆفسکی لە مۆسکۆدا بکەوێتە سەر زاران. لەوە بە دواوە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەرهەمەکانی چایکۆفسکیی لاوی لە سێبەری خۆیداو لە کاتی خۆیدا پێشکەش دەکرد.
لە مانگی ٣/ ١٨٦٦دا مامۆستای لاو یەکەم سەمفۆنیای خۆی دانا. چایکۆفسکی لە مەیدانی کێشمەکێشی سەختی داهێنانی هونەریدا تا ڕادەی شەکەتی و ماندوو بوون کاری دەکرد.لە مادونییەکی ئیلازمیدا کە بوو ئەوە پێی درابوو تاپشوو بدات، پلان‌و نەخشەی ئەم سەمفۆنیایەی بردە لای (ئەنتوان رۆبنشتاین)و ئەویش سەمفۆنیاکەی بە لاواز لە قەڵەم دا، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە نا ئومێدی چایکۆفسکی بگاتە لووتکە. بەڵام سەرباری ئەوەی کە یەقینی لا حاسل بوو

بوو بەر لەوەی ئەم کارە تەواو بکا ئەم دنیایە بەجێ دەهێڵێ. بە هەر ڕەنج و زەحمەتێ بوو ئەم بەرهەمە عاشقانە دوورو درێژەی کە ناوی نابوو (خەونی نەگەییوی زستانە) تەواو کرد.

ئەنتوان لەم سەروبەندەدا بە دڵبەندییەوە دوو بەشی ئەم سەمفۆنیایەی تەواو کرد. بەڵام کە لە سنترسبۆرگدا پێشکەش کرا دانیشتووان زۆر بە ساردی پێشوازیان لێکرد. لە شوباتی ١٨٦٨دا خەڵکی مۆسکۆ بە تاسەو هەڵهەڵەی لە ئەندازە بەدەر گوێیان بۆ سەمفۆنیای ( ڕۆژانە خەونی زستانە) رادێراو چایکۆفسکی بۆ یەکەمجار هاتە پێش شانۆ تا سوپاسگوزاری خۆی بۆ ئامادەبووان دەربڕێ. ئەم سەرکەوتنە ئەعسابی هێور نەکردەوە. ژیانی رازاوەی شەوانی مۆسکۆو خواردنە خۆش و ئیشتیا بزوێنەرەکانی وێندەرو رووخۆشی نیکۆلاش نەیتوانی کار لە شێوەی بیرکردنەوەی چایکۆفسکی بکەن. یەکەم هەنگاوی وەکو رێبەری پارچەیەکی سەما کە لە ئۆپرای (ڤیڤۆدا) ئایندەی خۆیەوە، وەرگیرابوو سەخت و پڕ خەتەر دەهاتە بەرچاو. بەڵام ئەو ژەنیارە کارامانەی کە لە ئۆرکێستراکەدا بوون رزگاریان کرد .کە لە سەر کورسی رێبەرییەکە وەستا بوو تووشی سەرەگێژەیەکی ئەوتۆ هاتبوو کە پێی وابوو ئێستا نا تۆزێکی دی سەری لە لەش جوێ دەبێتەوە. لەسەرانسەری پێشکەش کردنی ئەو پارچەیەدا دەستێکی هەر بە سەریەوە بوو. ئەم کارەی هێندە بەلاوە سەخت و سامناك بوو کە دەساڵی پێچوو ئەوجا توانی خۆی بۆ رێبەریی ئۆرکێستەر ئامادە بکا. ئۆپرای (ڤیڤۆدا) تۆزە سەرکەوتنێکی لەگەڵ بوو، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە پێشکەش کردنەکەی فەرامۆش کراو چایکۆفسکی بە خۆی مۆسیقای ئەو ئۆپرایەی لە نێودا.

لە ئاخرو ئۆخری ساڵی ١٨٦٨دا زەمینەی عەشقێکی بۆ خۆش بوو.(دێزیرا ئارتۆت)ی دەنگبێژی دڵڕفێنی ئۆپرای فەرەنسی پێنج ساڵ لە چایکۆفسکی گەورەتربوو. ئەو زنجیرە رووداوانەی کە لە نێوانیاندا ڕووی داوە ئەمە دەنوێنێ کە ئافرەتی نێوبراو پێی وابووە پێوەندی لەگەڵ چایکۆفسکیدا پێوەندییەکی کاتی بووە. بەڵام چایکۆفسکی وایدەزانی ئەو زۆر بەجدی لەگەڵیدایە. لە سەرەتاکانی ساڵی ١٨٦٩ نامەیەکی بۆ بابی نارد کە ئەم ژنە دوام دەکەوێ، چ بکەم؟ ئیلیای پیر وەڵامێکی ئاڵۆزی دایەوە کە نە ئا بوو نە نەء ، بەڵام ئارتۆت کێشەکەی چارەسەر کردو رووی کردە شاری وارشۆ تا لەوێ شوو بە شەیپورژەنێکی ئەسپانیایی بکا. بێگومان چایکۆفسکی ئەم ژنەی یەکجار خۆشدەویست و هەمیشە ستایشی دەکردو دووری ئەوی بەلاوە زەحمەت بوو. بەڵام زۆری پێنەچوو گەرایەوە دۆخی جاران. پاش ٢٠ ساڵی دی کە ئەم ژنە لە رووی لەش و لارەوە دوو هێندەی جارانی لێهاتبووو شۆرەتی سەرانسەری دنیای گرتبۆوەوە، جارێکی دی یەکتریان بینییەوەو وادێتە بەرچاو کە ئەم ژنە دلڕفێنە هەمان تەوقی ئەفسانەیی جارانی خستبووە گەردنی چایکۆفسکی. بە ڕواڵەت پێوەندی نێوانیان شێوەی پێوەندی ئەشقێکی ئەفلاتوونی گرتبووە خۆ.

شتێکی گرنگتر لە ناسینی (دێزیرا ئارتۆت) روویدا ئەویش ناساندنی چایکۆفسکی بوو بەو پێنج مۆسیقا زانە میللیانەی وەکو هەستارە بە دەوری (میلی بالاکیرێ)دا دەسورانەوە. چایکۆفسکی وەکو قوتابی و دۆستی برایانی (رۆبنشتاین)، لە سەرەتاوە مایەی بەد گومانی ئەم

پێنج کەسە بوو، بەڵام هەرکە بۆیان دەرکەوت چایکۆفسکی ئامادەیە نرخو بایەخی ئەوان بسەلمێنێو ستایشیان بکاتو دان بە گەورەیی پایەی پیرە روحانییەکەی ئەواندا واتە (میکائیل ئیڤانۆڤیچ گلینکا) بنێ، ئیدی باوەشیان بۆ کردەوە. چایکۆفسکی هەرگیز مۆسیقا زانانی وەکو (بورودین) یا (موسۆرتسکی) نەدەناسیو زۆر لە گرژیو مۆنی ریاکارانەی (سزارکوی) کە لە چوار کەسەکەی دی بێ ئاستتر بوو بێزار بوو. بەڵام (ریمسکی کۆرساکۆڤ) پێوەندی دۆستانەی لەگەڵیا بەستو بە رێزەوە تەماشای دەکردو تەنانەت پاش خوێندنەوەی ئەو نامیلکەیەی کە چایکۆفسکی دەربارەی هارمۆنی نووسی بووی زیاتر رووی کردەوە مۆسیقای ئاسایی. بەڵام زۆری پێنەچوو (بالاکیرڤ) ئەم لاوە ئاوارەو هەڵاتووەی دەستی برایانی (رۆبنشتاین) بە جۆرێ خستە ژێر سەر پەرشتی خۆ پەسندانەی خۆیەوە. کە هاورێکانی لە گروپی پێنج نەفەریدا ئەویان وەکو بابایەکی توندو تیژو بەزەبرو زەنگ ناسی ، بە چایکۆفسکی گوت پارچەیەکی سەمفۆنیای شیعری دەربارەی چیرۆکی (رۆمیۆ وجولێت) دابنێو گەلێ روونکردنەوەو رێنوێنی دایێ بۆ تەواو کردنی پارچەکە، بەڵام چایکۆفسکی پاش ئەوەی هێندێکی لەمەر نەخشەی پارچەکە نووسی وازی لێهێناو ئەوەی (بالا کیرڤ)ش وەکو بابەت نووسی بووی سڕیەوەو بە خۆی کەوتە دانانی ئەو پارچەیەو یەکێك لە دەوڵەمەندترین بەرهەمی ئۆرکێسترەکەی خۆی هێنایە ئاراوە.

بێگومان کاتێ کە ( نیکۆلای رۆبنشتاین ) لە شەوی یەکەمی پێشکەش کردنی ئەم پارچەیەدا رێبەریەکەی دەکرد، گەلێ هەستی ناکۆکی لا دروست بووە سەبارە بەوەی کە هاورێکەی پەیمانی برایەتیو دۆستایەتی لەگەڵ رەقیبو خەنیمەکانی ئەودا بەستووە، پێشکەشکردنی ئەم پارچەیە رووبەرووی شکست بووەوەو چایکۆفسکی لە هاوینی ١٨٧٠دا هەندێ دەسکاری کردو پاش شەش مانگ لە یەکەم پێشکەشکردنی ئەم پارچەیە بۆ جاری دووەمو بە رێكو پێکی پێشکەش کرا.

پارچەی (ئوڤرتۆر- ڤانتازیا)ی رۆمیۆ و جولێت یەکەمین بەرهەمی چایکۆفسکییە کە ئێستاش پێشکەش دەکرێ. جگە لە (رۆمیۆ جولێت)ی بەرهەمی (پرلیۆز) ئەمەی چایکۆفسکی باشترین پارچەیە کە بۆ وەسفی شیعرە ناوازەو هەرە شیرینەکانی شکسپیر نووسراوەو گەلێك لە پارچە ئاڵۆزو دەستکردو درێژەکەی (گونوو) باڵاترەو زۆریش لە ئۆپرا لە بیرکراوەکەی (باینی) لە بارترو لە هەموو روویەکەوە جوانترە.

لەم سەروبەندەدا چایکۆفسکی ئاهەنگێکی دانابوو کە لە ژێرەوە بە دەستی خۆی ئیمزای کردبوو. کێشی بەهێزو هەمە جۆر، هارمۆنی رەوان، لاکردنەوە لە ماینۆر، ئاوازی رەوانو زوڵاڵو هەست ناسکی پێویست بۆ لوتکەیەکی دەوڵەمەند، تێکرا لەم پارچەیەدا هەن.

هەرچەندە هەندێ بەشی ئەم پارچەیە بە تایبەتی بەشە دڵرفێنو جوانە ئەشقییەکانی بە چاکترین دانراوی چایکۆفسکی دەژمێردێن، بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە (رۆمیۆ وجولێت) بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمێکی ناسكو شەفافە. چایکۆفسکی لەم پارچەیەدا وەکو مامۆستایەکی راستەقینەو داهێنەری رێکخستنی ئورکستەر گەییوەتە ئەو پلەو پایەیەی کە دەبوایە بیگاتێ

،بەڵام هەندێ کەرەستەو بابەتی تێدا بەکارهێناوە کە مومکین نەبوو لەساڵەکانی دواتردا سوودیان لێ ببینێ.

هەرچەندە چایکۆفسکی زۆر درەنگ کەوتۆتە خوێندنی جدی مۆسیقا، بەڵام زوو دەرك کردنی لایەنە هونەرییەکانی مۆسیقا لەلای ئەو، مرۆڤ سەرسام دەکا. لە ماوەی نزیکەی ٥-٦ ساڵێکدا هەموو لایەنە هونەری‌و وردەکارییەکانی دەربڕینی مۆسیقاو بەراییە پێویستییەکانی مۆسیقا فێر بوو. (رۆمیۆ وجولێت) گەواهی ئەمەیە کە چایکۆفسکی لە تەمەنی بیست ساڵیدا زانیارییەکی فرەوانی لەمەڕ زمانی مۆسیقا هەبووەو زۆر ڕەوان قسەی پێکردووە، بەڵام بابەتی زۆری بۆ دەربڕین نەبووە. گەر چەرخی رۆژگار بە گوێرەی دڵی چایکۆفسکی گەڕابا، لەوە بوو ئەم ڕەوانی‌و ئاسوودەیی دەربڕینە بەلای کەمەوە لە رووی دروستکردنی دانەرێکی گەورەوە بۆ چایکۆفسکی خەتەر بووایە.بەڵام رۆژگار لەگەڵیا توند بوو، روحی منداڵانە و لە رادەبەدەر ناسکی ئەوی نەوازش نەکردو بۆیە ئەویش پەنای بردە بەر دانانی مۆسیقاو درێژەی پێدا تا هەم هەستی دەروونی خۆی دەربڕێ‌و هەم خەم‌و خەفەتی خۆی بڕێژێ‌و بەرهەمێ بێنێتە ئاراوە کە زەوق‌و تاسەی خۆی‌و خەڵکانی دی مشت‌و ماڵ بکاو رازی بکا.

وێڕای ئەوەی گشت دانراوەکانی چایکۆفسکی بەر لە دانانی چوارەمین سەمفۆنیای لە ساڵی ١٨٧٨دا بەشێوەیەکی گشتی باش‌و لە ئاستێکدان کە مایەی سەرنجن ،کەچی زۆر سەیرە وەکو پێویست ئاوڕی لێنەدرایەوە. بە تایبەتی کە سەرنجی ئەو شتانە دەدەین کە بە کاری هێناون‌و زۆر بەجێ، جێی کردوونەتەوە پتر سەرمان سوڕدەمێنێ.بەڵگەیەك بەسە تا بزانین کە چایکۆفسکی چەندە کەڵکەڵەی شورەتی لەسەردا بووەو چۆن بەدەست هێنانی رێزو قەدرزانی خەڵکی بەلاوە مەبەست بووەو پێی مەست دەبوو. لە ساڵی ١٨٧٤دا لەسەر داواو لە سایەی ئەنجوومەنی مۆسیقای روسیاوە لە پێشبڕکێی دانانی ئۆپرایەکدا بەشداری کرد، هەرچەندە یەکێ لە مەرجەکانی بەشداربوون لەم پێشبڕکێیەدا ئەوە بوو کە ناوی دانەرەکە ئاشکرا نەکرێ ،کەچی چایکۆفسکی لە هەر کۆڕو کۆبوونەوەیەکدا کە دادەنیشت دەیگوت چ خەشیمێکی شایستەو گەورە لە پێشبڕکێیەکەدا ناوی خۆی نەنووسیوە.. پاش ئەوەی ئۆپرای (ڤاکولای مسگەر)ی بەر لە مەوعیدەکەی تەواوکرد، لە هەموو کۆڕو مەجلیسێکدا باسی دەکردو تەنانەت کارێکی وای کرد (نیکۆلای رۆبنشتاین) کە یەکێك بوو لە داوەرانی پێشبڕکێکە ناچاربێ دەستپێکەکەی بۆ ئامادەبووان لێبدا. ئەنجام ئۆپراکەی خستە زەرفێکەوەو بە خەتی خۆی ڕستەیەکی دروشم ئامێزی لەسەر نووسی‌و ناردی. بەڵام سەرباری ئەوەی کە هەموو یاساکانی پێشبڕکێیەکەی پێشێل کردبوو هەر بە یەکەمی پێشبڕکێیەکە دەرچوو. بە شێوەیەکی گشتی ئەمە مامەڵەیەکی بێ تام‌و نابەجێ بوو وتەنانەت ریمسکی کۆرساکۆڤ کە یەکێك بوو لە داوەرانی پێشبڕکێیەکە ویژدانی خۆی بەوە ئاسوودە دەکردو هێوردەکردەوە کە چایکۆفسکی لە هەموو روویەکەوە بەتواناترین کەسە کە لە پێشبڕکێیەکەدا بەشداری کردووە. خەڵکی لە دەستەی داوەران رازی نەبوون.

ڤاکۆلا وەکو ئۆپرایەکی کۆمیدی لە قەڵەم درابوو، بەڵام خەڵکی مۆسکۆ هیچ لایەنێکی کۆمیدیانەیان تێدا نەبینی، لە ڕاستیا چایکۆفسکی پاش ئەوەی شۆرەت و ئیحتوباریشی پەیدا کرد بوو، هێشتاش هەر بەلای ئۆپرا دۆستانەوە، وەکو دانەرێکی پایە بەرز حیسابی بۆ نەدەکرا. لەو دە ئۆپرایەی کە نووسیونی شتاقیان نەچوونەتە خانەی بە ناوبانگەکانەوە ولە وڵاتانی دنیادا —جگە لە رووسیا—نەخراونەتە بەرنامەکانی ئۆپراوە.ئەم کارە بووە مایەی نائومێدی چایکۆفسکیو نەك هەر زەبری لەغروری هونەری ئەودا بەڵکو کۆشکی ئومێدی دەوڵەمەند بوونیشی وێران کرد. وەکو چۆن شانۆنووسان حەزدەکەن شانۆنامەیەکی هاوتای سەرکەوتن بنووسن، دانەرانی مۆسیقاش هەمیشە لە خولیاو تاسەی ئەوەدان ئۆپرایەکی پڕ کەماڵو سەرنج راکێش دابنێن.

دەستکورتیو بیٔ پارەیی کارێکی وایکرد چایکۆفسکی دەست بە دانانی یەکەمین پارچەی چواربەشی بۆ ئامێری ژێدار بکات. بە پێی پێشنیازی (نیکۆلای رۆبنشتاین) بەرنامەیەکی کۆنسیرتی لە بەرهەمەکانی چایکۆفسکی رێکخرا. ئەم کارە پێویستی بەوە بوو کە چایکۆفسکی پارچەیەکی تێرو تەسەل بۆ ئەو مەبەستە دابنیٔ. چونکە دابینکردنی ئۆرکستەرێکی گەورەی لە توانادا نەبوو. بۆیە پارچەیەکی نووسییەوە کە تەنیا چوار ژەنیاری دەویست .کیٔ ئەمڕۆکە پارچەی چواربەشی ر– مێجەر دەناسێت ؟ رەنگە لە هەزار کەسا یەکێك پەیدا ببیٔ لەوانەی کە ئاگایان لە حەرەکەی دووەمی ئەو پارچەیە هەبیٔ و ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەم چوار بەشییەدا هەبیٔ. بە هەرحاڵ ئەو مشتو مڕانەی لەمەڕ ئەم پارچەیە کراونو ئەو راڤەو شرۆڤە و شیکردنەوە لابەلاو نا دروستانەی بۆ ئەم پارچە شیرینو ئاوازخۆشە کراون کە لە بنەڕەتدا ئاوێتەیەکە لەو ئاوازە ناوچەییانەی چایکۆفسکی لە مەزراکانی خوشکەکەیدا بیستوونی، دەورێکی زۆریان بینیوە بۆ بڵاوبوونەوەی شۆرەتی چایکۆفسکی لە نێو جەماوەردا. بەڵام لە هەمان کاتیشدا زەبری قورسی لە بایەخی پلەو پایەی چایکۆفسکی وەکو دانەرێکی جدی داوە. ئەم پارچە چوار بەشییە نە بە دانراوێکی زۆر باڵا دەژمێردریٔو نە بە بەرهەمێکی خراپ. بەڵکو دەشیٔ بە پارچەیەکی چکۆلەی ئاسایی بژمێردریٔ کە لە ئەنجامی زۆر پێشکەشکردنیا ئەو بایەخە هونەریو مۆسیقاییەی کە لە سەرەتاوە بۆی دانرابوو ئەویشی لە دەست دا. ئەوەی ئاشکرایە شۆرەتی گەلێك لە بەرهەمەکانی چایکۆفسکی زادەی رێکەوتە. بۆ نموونە هیچ بەڵگەیەکی قەناعەت بەخشمان بە دەستەوە نییە کە لەبەر چی دوا بەشەکەی سەمفۆنی دووەمی چایکۆفسکی کە لە ساڵی ١٨٧٢دا دانراوە — گەلیٔ گەرمو گوڕو جوانو دڵگیرە– هەرگیز بۆ ئۆرکستەرە تایبەتیەکانی کۆڕی شیوخوارن وەرنەگیراوەو رێك نەخراوە. سەیر نییە کە سەمفۆنیای دۆ ماینەر کە پارچەیەکی بەنرخە بە شێوەیەکی وەستایانە تێکەڵ بە ئاوازە ناوچەییە جوانو دڵگیرەکان کراوە، هەرگیز پێشکەش ناکریٔ؟ ئەم ئاوڕ لێنە دانەوەیە مایەی ئەوپەڕی سەرسوڕمانە.

چایکۆفسکی بەدانەری سیٔ سەمفۆنیای هەرەباوی دنیای سمفۆنیای جیهان ناسراوەو ئێستاکە وەختی ئەوە هاتووە کە رێبەرێك لە بری ئەوەی هەموو کاتی خۆی بۆ هەزارەمین جار بۆ پێشکەش کردنی سمفۆنیای ر– ماینەری– (فرانك) تەرخان بکا یا بۆ پێشکەکردنی پارچەی (لە

دنیای تازەوە)ی (دژاك) تەرخان بكا، ئاوڕێكیش لە سەمفۆنیای دووەمی چایكۆفسكی بداتەوەو بكەوێتە ناساندنی. هەرچەندە لەوەیە بۆ هەمیشە ڕێگا لە فەرامۆش بوونی پارچەی (خەونی نەگەییوی زستانە) گیرابێ. بەڵام ئێستا سەمفۆنیای سێیەمی چایكۆفسكی بووەتە مایەی سەرنج و بایەخ پێدانی سترافینسكی، ئومێدی ئەوەش هەیە كە سەمفۆنیای دو-ماینەریش بە هەمان ڕێژە سەرنجی گشتی ڕابكێشێت.

چایكۆفسكی لە مانگی ١٨٧٤/١١ دەستی كرد بە دانانی پارچەیەك كە بێ هیچ گومانێك بە یەكەم شاكاری ئەو لە قەڵەم دەدرێ. ئەویش كۆنسرتۆی (پیانۆ) بوو لە سی بی مۆڵی ماینەردا. چایكۆفسكی دەیویست (نیكۆلای رۆبنشتاین) ئەم كۆنسرتۆیە بژەنێت،ئەوەبوو كە كۆنسرتۆكەی تەواوكرد بە پەلە بۆ لای ئەوی برد. رۆبنشتاین لە سەر ئەوەی چایكۆفسكی پێشتر هیچ راوێژێكی دەربارەی ئەم كۆنسرتۆیە پێنەكرد بوو تووڕە بوو وماوەیەك بێدەنگ بوو و ئەوجا دەستی كرد بە رەخنە گرتنی توند لێی و دوای تۆزێكی دی دیسان كەوتەوە هێرش كردن و داوای هەندێ گۆڕانكاری كرد كە بارتەقای سەر لە نوێ نووسینەوەی كۆنسرتۆكە بوو.

چایكۆفسكی-ش بە هەمان ڕادەی ئەو تۆرە بوو ولە ژێرلێوەوە گوتی (تاقە یەك نەواشی "نغمە" لێناگۆرم) ئیدی ناوی مامۆستاكەی خۆی لە لاپەڕەی یەكەم سرییەوەو دای بە (هترفون بولو) كە جارێك لە جاران ستایش دانراوەكانی چایكۆفسكی كردبوو. رۆبنشتاین ئەوەندە ژیا كە رای خۆی دەربارەی ئەم كۆنسۆرتۆیە بە تەواوی بگۆڕێ و بیكا بە یەكێك لە پارچە بنەڕەتییەكانی بەرنامە هارمۆنیەكانی خۆی. چایكۆفسكی پاش ئەوەی تۆزێ چووە عومرەوەو ئاقڵتر بوو رای خۆی گۆڕی و لە ساڵی ١٨٨٩دا پاش ئەوەی لە رەخنە توندەكانی (رۆبنشتاین) تێفكری، ئەو رەخنانەی چواردە ساڵ بەردەوام بوو، سەر لە نوێ بە بۆچوونەكانی خۆیدا دەربارەی پیانۆ چووەوە. چایكۆفسكی لە كاتی دانانی ئەم كۆنسرتۆیەدا زۆر لە رەخنەگرەكەی بێزاربوو هەر لەبەر ئەم مامەڵە ناجۆرەش بوو كە لێبڕا ماڵی (رۆبنشتاین) بەجێ بهێڵێ و خانوویەكی سێ نهۆمی بۆ خۆی بەكرێ بگرێ و نۆكەرێك رابگرێ تا كاروباری ژیان و ماڵی بەڕێوەبەرێ.

هەڵبەتە دەبێتە زێدەڕۆیی ئەگەر بڵێن كۆنسرتۆی سی بیمۆڵ ماینەر، ئێستا كەوتووەتە تاریكخانەی فەرامۆشییەوە. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانرێ كە ئەمڕۆكە زۆر كەمتر لە جاران لێدەدرێ. جاران هێندە باو وبڵاوبوو كە لە باری مۆسیقاوە هەڕەشەی گوێنەدان بە چڕو پڕییەكەی لەسەر بوو، بە تایبەتی لەم رووەوە كە گەلێ پیانۆژەنی ئاسایی رێی پێشكەش كردنی ئەو كۆنسرتۆیەیان بەخۆ دەدا. كۆنسرتۆی سی بیمۆل ماینەر بەرهەمێكە دەبێ لەلایەن ژەنیارانی لێهاتووەوە لێبدرێ، چونكە بەشی پیانۆ هەم بەرچاوییەو هەم عەزف كردنیشی زۆر قورسە ،ئێستاكێ ڕای گشتی بەرانبەر بەم كۆنسرتۆیە ئەمەیە كە پارچەیەكی غەمگین و ناچیزو سۆزدارییە. بەم وشە قەبانە خستوویانەتە گۆشەی فەرامۆشیەوە. رەنگە كەم و كوڕی و نا دروستی رەخنەو هەڵسەنگاندنەكانی ئێمەومانان بووبێتە مایەی ئەم ئیرادگرتنە ناجۆرانەو سووك كردنی ئەم پارچەیە -چونكە چ شتێك لە خودی مۆسیقاكەدا نابینرێ كە مایەی سووك كردنی پارچەكە بێ. لەوانەیە ئەم بۆچوونە سەتحی و خۆ پەسەندانەیەش زادەی جۆرە رەخنەیەك

بیٰ کە زیاتر لایەنی ئیراد لیٰگرتنی وەکو بۆچی (ب)ی لە جیاتی (ا) نەنووسیوە گرتۆتەخۆ. ئەگەر ئەم جۆرە رەخنانە دروست بن ئەوا دەبیٰ بەوە قایل بین کە (هندل) نابیٰ بە دانەریٰکی گەورە بزانریٰ چونکە (باخ) نییە، هەروەها چونکە (فددی) وەکو (ڤاکنر) نییەو (چایکۆفسکی) وەکو (بیتهۆڤن) و (برامس) نییەو ئیدی نابیٰ بە دانەری مەزن بژمێردریٰن.

کۆنسرتۆی سی بیمۆلٰ ماینەری چایکۆفسکی (دەبیٰ ئەوەش بزانریٰ کە چایکۆفسکی رەخنەی زۆر جوانی لەمەڕ بەرهەمەکانی برامس بلاٰوکردۆتەوە) سەرکەوتووترین و کارامەترین کۆنسرتۆی پیانۆیە کە برامس هەرگیز هاوتای ئەو کۆنسرتۆیەی دانەهێناوە. لە نێوان گوێگرو ئەم مۆسیقا هەرە جوانو رۆمانسییەدا چ چەمکێکی ئالۆزی فەلسەفی یا هەستی خۆ بە زلزانین نییە. زیندوێتی کۆنسرتۆی سی بیمول ماینەر لە نەوا رێكو ڕەوانو سادەو هونەرییەکانیدایە. هەلٰبەتە هەندیٰ ساتی تیٰدا دەبینرێتەوە کە دوور لە زەوقەو لاوازە، بەلاٰم دەبیٰ ئەوەش بزانین ئەگەر بەرزترین دانراوی مۆسیقا بەپێی خالٰە لاوازەکانی لەمەحەك بدەینو حوکمی لەسەر بدەین ئەوا ژمارەیەکی یەکجار کەمی ئەم بەرهەمانەمان بۆ دەمێنێتەوەو کەمالٰخوازان پاش ماوەیەك، لە گویٰ گرتنیان تێر دەبنو چ شتێکیان لەبەر دەستا نامێنیٰ کە گوێی لیٰبگرن.

هەلٰبەتە سەراپای ئەم پارچەیە بە شێوەیەکی گشتی پڕە لە زەوقی جوانو هێزی پیاوانەو ورەی بەرز. ئەو کەسانەی بەوردی گوێی لیٰدەگرنو راستەو پڕگال لە حوکمەکانیانا بەکارناهێنن. رایان لەگەلٰ ڕای فون بولودایە کە بەپارچەیەکی (بەرزو پتەوو پڕ لە داهێنان)ی زانیوەو. فۆرمەکەشی بە (پوختەو تەواوو لەبار) لە قەلٰەم داوەو دانی بەوەدا ناوەکە (فۆرمەکەی لەباری هونەرییەوە زۆر وەستایانە داڕێژراوەو رەچاوکردنی لایەنی هونەری بە سەرانسەری پارچەکەدا دابەش بووە.)

هەرچەندە (فون بولو) بەوپەڕی مەمنونییەوە کۆنسرتۆی سی بیمۆلٰ ماینەری قبولٰ کردو بڕیاری دا لە سەفەری هونەریی ئایندەی خۆیا بۆ ئەمەریکا بیکات بە یەکێك لە ئاوازە سەرەکییەکانی بەرنامەکەی خۆی. بەلاٰم چایکۆفسکی کە زانی یەکسەر لە مۆسکۆدا پێشکەش ناکریٰ زۆر نارەحەت بوو.

وەختیٰ کە (فون بولو) لە شاری (بوستن)ەوە تەلەگرافێکی بۆ چایکۆفسکی کردو مژدەی دایێ کە کاتیٰ ئەم کۆنسرتۆیە بۆ یەکەمجار پێشکەش کرا ئامادەبووان پێشوازییەکی گەرمو گوڕیان لیٰکرد ، چایکۆفسکی تا ماوەیەك بەم مژدەیە خۆشحالٰ بوو.بەلاٰم هێندەی پێنەچوو کە دیسانەوە دووچاری نائومێدیو خەم بووەوە.

چونکە وەزعی دارایی ئەوەندە خراپ بوو ئەگەر بیویستبا وەلاٰمی تەلەگرافەکە بداتەوە ناچار دەبوو کە دوا روبلی گیرفانی خەرج بکات.دەستکورتی چایکۆفسکی ئەنجامی دەستبلاٰوی خۆی نەبوو بەلٰکو ئەنجامی ئەوە بوو کە ئەو دەرامەتە کەمەی هەیبوو دەئختیاری هەموو کەسێکی دەنا هەرچەندە رۆژ لە دوای رۆژ شۆرەتو نێوبانگی چایکۆفسکی پەرەی دەسەند،بەلاٰم ئەو مانگانەیەی کە لەلایەن (نیکۆلای رۆبنشتاین)ەوە پێی دەدرا یەکجار کەم بوو ولەگەلٰ شۆرەتەکەیدا نەدەگونجا. هەلٰبەتە کەمۆکەیەك پارەو دەرامەتی لە بڕی نووسینی وتار بۆ

ڕۆژنامەکان دەست دەکەوت. بەڵام چونکە لە نووسیندا یەکجار خاو بوو ئیدی وازی لێ هێناو سەری خۆی سووک کرد.
لە ناوەڕاستی ساڵی ١٨٧٥دا لە کاتێکا کە بە هۆی وەدەست هێنانی سەرکەوتنی پترەوەو بەدەست نەهێنانی دەرامەتی پیویستەوە نارەحەت بوو، لە لوتکەی شۆرەتو بەخت نزیک دەبووەوە، ڕەشنووسی نووسینێکی مۆسیقایی خستە گیرفانیو لە هاوینا ڕووی کردە هاوینە هەوارو لەوێندەر سەمفۆنیای سێیەمی خۆی تەواوکرد. لە مانگی یازدەی هەمان ساڵدا سەمفۆنیای ناڤبری لە مۆسکۆدا پێشکەش کراو سەرکەوتنی چاکی بە دەست هێناو زۆری پێ نەچوو لە سنپترسبۆرگو پاریسو نیۆیۆرکدا پێشکەش کرا. لە سنپترسبۆرگدا تەنانەت (کویی)ی درژپەسەندیش دانی بەوەدا نا کە سەمفۆنیای سێیەم ( پێویستە بەسەرنجو بایەخێکی پترەوە بێتە هەڵسەنگاندن) دیارە ئەم قسەیە لەلایەن یەکێکی وەکو ئەوەوە بە گەواهی وستایشێکی گەورە دەژمێردرا. تەنیا لە ڤینا پەسەند نەکراو ڕەخنەی ئەوەیان لێگرت کە (شەقل ومۆرکە رووسیەکەی) یەکجار زاڵە. دیارە ئەمە ڕەخنەیەکی گەوجانە بوو لەو سەمفۆنیایەو، ئەگەر سەرنجی بەرهەمە گەورەو تێرو تەسەلەکانی چایکۆفسکی بدەین و هەست رابگرین کەمترین شەقڵی سلافی لەم سەمفۆنیایەدا هەست پێدەکرێ. سەمفۆنیای سێیەمی چایکۆفسکی جگە- لە پێشەکییەکەی کە پارچەیەکی تەواو پڕئاهەنگەو زۆر بەوردیو بەریتمێکی تەواو موعتەدیل داڕێژراوەوەو مۆرکی مارشی پرسەی پێوەدیارە- بە مۆسیقایەکی شەفافو سووک دێتە ژماردن. بەشی هەرە زۆری یەکجار خۆشو ناسکو شەفاف دێتە بەرچاو. بەشی (سکرتزو)ەکەی کە دەڵێی شنە بایە، یەکجار شادی بەخشو ڕوح پەروەرە.
(جوڵەیەکی بەردەوام) بە هەڵوەستەی خۆشو ڕاچڵەکینەرەوە لە سەرانسەری ئەم بەشەدا هەست پێدەکرێو لەبەر ئەمە دەتوانرێ بە نوکتەیەك یا ناوەڕۆکێکی فیکری یەکجار جوان بژمێردرێ. لە دووا بەشدا چایکۆفسکی رووی کردۆتە دەنگە بەهێزو چڕەکانو چەشنی پارچە (کرشندو)کانی ناو بەرهەمەکانی (رووسینی) لە ڕادەی پێویست زیاترە. بەشی دووەمی ئەم حەرەکەیە بریتییە لە هەندێ پارچە کە دانەر بە مەیلی خۆی دروستی کردوونو بە تەرکیباتی ناسازگارو لە گوێدا ناخۆش کۆتایی پێ هێناون. خراپترین رەخنە کە لە هەندێ بەشی- سەمفۆنیای ر-مێجەر دەگیرێت، ئەمەیە کە گێژکەرە. سەرباری ئەو لایەنە جوانانەی کە تێیدان چ شتێکی تێدا نابینرێ کە بەڵگەی ئەوە بێ لە سەمفۆنیای دووەم بەرزتربێ.
وەختی سی بیمۆڵ ماینەر یەکەمجار لە مۆسکۆدا پێشکەشکرا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا. هەروەها سەمفۆنیای سێیەمیش کە ڕاستەوخۆ دوای سی بیمۆڵ ماینەر پێشکەشکرا بەهەمان گەرمو گوڕییەوە پێشوازی لێکرا. ئەم سەرکەوتنانەو بەشداری کردنی چایکۆفسکی لە پێشبڕکێکانی ئۆپێرادا کردیانە کارێ کە شادو سەرمەست ببێ. بۆیە لەگەڵ (مودیست)ی برایا بەرەو پاریس چووو شەیدای ئۆپێرایەکی تازە بوو بە ناوی (کارمن)وبە تەواوی کەوتە ژێر کاریگەری وباندۆری مۆسیقایەکی بالێی (لود لیب)ەوە، دەربڕینی دڵبەندی بەم ئاوازانەوە بە نیشانەی کەم دەسەڵاتیو سەتحیەت دانراوە.. نیوەی یەکەمی ساڵی ١٨٧٦ بەهێمنی ڕەت بوو.

**لە هاوینی هەمان ساڵدا چایکۆفسکی دیسان پێویستی بە مادونی(مۆڵەت) بوو، سەفەرێکی بۆ (فیش) کردو ئەوجا کۆرو ئەنجومەنە ئاساییەکانی ئەو سەروبەندەی شارە جۆراو جۆرەکانی ئەوروپای ناسیو سەفەرێکی (بایرۆث)ی کردو توانی لە وێندەر یەکەم ئۆپێرا لە زنجیرە ئۆپێرای (ئەنگوستیلە) بە مەبەستی ئامادە کردنی ڕاپۆرێك بۆ گۆڤاری (گەزیت روسیا) ببینێ. هەندێ لە رەخنەگران بە شێوەیەکی سەرڤە سەرڤەو گەوجانە ئەم ئۆپێرایەیان هەڵسەنگاندو هەندێکی دی کەمێکیان لە حەقیقەتی ئۆپێراکە پێکابوو و هەموو هەوڵیان دەدا بە ئینسافەوە دەربارەی (ڤاکنر) حوکمی خۆیان بدەن. ئەمەش بۆ رەخنەگری مۆسیقا لەو رۆژگارەدا بە کارێکی نا ئاسایی دەژمێردرا. بەڵام وەختێ کە هەموو مشتومڕو دەنگەکان نیشتنەوە،چایکۆفسکی کە تووشی نەخۆشی (کلوسترو فوبیا) بووبوو گوتی: *"پاش ئەوەی گوێم لە دوا نەوای ئەنگوستیلە بوو هەستم کرد لە زیندان ئازادیان کردوم"*. بە کورتی چایکۆفسکی بێئەوەی ئۆپێرای ئەنگوستیلەی پێ خۆش بووبێ شەیدای (ڤاگنر) بوو. تاقە ئۆپێرایەکی (ڤاگنر) کە مایەی رەزامەندی تەواوی چایکۆفسکی بوو، ئۆپێرای (لوهنگرین) بوو.**

**لەوساوە کە سووکە پێوەندییەکی لەگەڵ (دێزیرا ئارتۆت) دا پەیدا کردبوو ، ئەمە یەکەم جاربوو کە بیری ژن هێنانی بەمێشکدا هات. پاش ئەوەی ماوەیەکی لە (بایرۆث)دا بەسەربرد بە روحێکی ژاکاوو دڵێکی مردووەوە بۆ روسیا گەڕایەوەو پاشماوەی هاوینەکەی لە (لیف دافیدوف)و (فربوفکا)دا قەتاند. ئێرە موڵکی (لیف دافیدوف)ی مێردی (الکساندرا)ی خوشکی چایکۆفسکی بوو. لێرەوە نامەیەکی بۆ (مدست)ی برای نووسی کە: بڕیارم داوە ژن بهێنمو ئەمە بڕیاری یەکجارەکیمە. دەبوایە ئەم هەواڵە (مدست) سەرسام بکات، چونکە مدست لە بارەی سیکسییەوە شزوزی هەبووو دەیزانی کە ئیلیچش وەکو ئەوە.بەڵام زانینی هۆی ئەم بڕیارە خێرایەی چایکۆفسکی زۆر ئاسانە.**

**چایکۆفسکی زۆر لەوە دەترسا کە نهێنییەکانی ژیانی تایبەتیی ئاشکرابێو حەزی دەکرد یەکێك هەبێ ئەم ڕازەی بۆ بپارێزێ. بەشێوەیەکی دی پێویستی بە دایکێك هەبوو. وێڕای ئەوەی لە نامەکەیدا نووسی بووی کە (ئەمە بڕیاری یەکجارەکیمە). بەڵام چ ژنێکی دەستنیشان نەکردبوو تا بیهێنێ. یەکێك لە خزمە مەحرەمەکانی پاشان گێڕاوییەتەوە کە چایکۆفسکی عەودالی ژنێکی کامڵ بووە کە داوای پێوەندی سێکسی لێنەکات. لە پایزی هەمان ساڵدا (نیکۆلای رۆبنشتاین) پەیمانێکی لە نێوان ئەوو (مادام فۆن میك)ی مۆزیك دۆستدا دروست کرد ،رەنگە چایکۆفسکی لەو دەمەدا وای بیر کردبێتەوە کە ژنی دڵخوازی خۆی دۆزیوەتەوە.**

**(نادجدا فیلارتوفنا) ژنێکی سەلارو سەنگین بوو. منداڵی گەورەی هەبوو. وەکو (چایکۆفسکی) ئینسانێکی شەرمن بوو. دە ساڵ لە چایکۆفسکی گەورەتر بووو چونکە چایکۆفسکی چاوی لە دەوڵەمەندی نەبوو، بەلایەوە مەبەست نەبوو کە (مادام فۆن میك) دەوڵەمەندترین ژنی روسیا بێ. رۆبنشتاین کە ئاگاداری سەروەتو سامانی لە ڕادەبەدەری دۆستەکانی خۆی بوو، پێشنیازی کرد کە ژنی نێوبراو، چایکۆفسکی ڕاسپێرێ چەند پارچە مۆسیقایەك دابنێ. ژنی تاین کە شەیدای چەند نموونەیەکی مام ناوەندی بەرهەمەکانی چایکۆفسکی بووبوو کە (رۆبنشتاین)**

کاتی خۆی نیشانی دابوون. نەك هەر بە پێشنیازەکەی (رۆبنشتاین) رازی بوو، بەڵکو بە خۆی کەوتە نامە نووسین بۆ چایکۆفسکی. واتە بۆ ئەو کەسەی کە دانراوەکانی کاریان کردبووە سەر هەموو گۆشەیەکی دڵو دەروونی.پاشان دەرکەوت کە ئەم ژنە هەرچەندە زۆری حەز بە دۆستایەتی چایکۆفسکی هەبووە، بەڵام حەزی بە دیتنی نەبووە، چایکۆفسکی وەڵامی دەداتەوە کە بە تەواوی لە مەبەستی حاڵییەو هەر بۆیەش هەست دەکا لەوەوە نزیکە. ئایا چایکۆفسکیش بەدەم هەمان نەخۆشییەوە،واتە بێزاری لە بەشەر یا ترسان لە هەڵخەڵەتاندنو هەڵەکردن، نەدەتلایەوە ؟ بەم شێوەیە دۆستایەتیەکی سەیرو عەنتیکەی بێ وێنە لە نێوان ئەم دوو کەسەدا دروست بوو.

ئیدی چەرخی رۆژگار ئەمجارە بە بەختی چایکۆفسکی گەڕاو رێك لەو رۆژانەدا کە پێویستییەکی زۆری بە دۆستێکی ژن هەبوو، (نادجدا فۆن میك)ی بۆ رەخساند، بەڵام چایکۆفسکی هێشتا پێویستی بە ژنێکی رێكو پێکی ماڵەوە هەبوو. لە سەرەتاکانی ساڵی ١٨٧٧ئەمجارەش رۆژگار بەهانایەوە هات وژنێکی لەو بابەتەی بۆ ڕەخساند. ئەم ژنە (ئانتۆنینا ئیفانوفنا میلیوکوفا)ی ناو بوو. تەمەنی ٢٨ ساڵ بوو. لە باری دەروونییەوە هەندێ نا تەواو بوو لە دەورەیەکدا کە لە کۆنسرفاتۆر دەیخوێند بە تەواوی کەوتە دوای عەشقی چایکۆفسکییەوە. نامەی دڵداری بۆ مامۆستاکەی (واتە چایکۆفسکی) دەنووسی. چایکۆفسکیش گەوجانە رەزامەندی بۆ ناردەوە. پاشان کەوتە ئەوەی سەرنجی ئەو ژنە لە خۆی بتارێنێو هەندێ شتی بۆ ئاشکرا کرد، کە پێی وابوو دەبنە مایەی دوورکەوتنەوەی (ئانتۆنینا) لێی.. تەنیا رازێ کە نەیخستە بەردەستی رازی شزوزە سێکسییەکەی بوو. بەڵام هیچ یەکێك لەمانە کاریان نەکردە سەر ئافرەتی گۆڕینو ساردیان نەکردەوەو لە ١٨٧٧/٥/١٨ نامەیەکی بۆ چایکۆفسکی نووسیو هەڕەشەی خۆ کوژی لێ کردبوو. چایکۆفسکی بەپەلە چوو بۆ دیدەنی ئەوو هەموو راستییەکی بۆ درکاندو ئەوجا لێی پرسی ئایا هێشتاش سووری لەسەر ئەوەی کە شوو بە من بکەی؟ هەڵبەتە وەڵامەکەی بەڵێ بوو ،چونکە ئافرەتی نێوبراو تەواو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دەتوانێ تەبیعەتی چایکۆفسکی بگۆڕێ. یەکێك لەو هۆیانەی کە بووە مایەی ئەوەی چایکۆفسکی لەم بارەیەوە رەفتاری دون کیشۆتانە بکاو خۆی لاواز بخاتە روو. ئەمە بوو رێك لەم کاتەدا سەرگەرمی دانانی بەرهەمێك بوو لەسەر چیرۆکی (ئوجین ئۆنیژین)ی (پۆشکین) کە قارەمانە دڵڕەقو بێ بەزەییو کەتەکەی نامەیەکی عاشقانەی لە (تاتانیا) ناوێکەوە بۆ دێ. چایکۆفسکی کە لە ئەنجامی رەفتاری سەختو بێ رەحمانەی ئونیژین لەگەڵ کچەکەدا زۆر توڕە بوو بوو. (میلیوکوفای خستە جێگای تاتانیاو بڕیاری دا کە نەیەڵێ جارێکی دی دڵڕەقی ئونیژین لەلایەن خۆیەوە (چایکۆفسکی) دووبارە ببێتەوە. بەمجۆرەو بەپێی ئەم بۆچوونە هەرە ئینسانییە گەورەترین تراژیدیای لە ژیانی خۆیو ئەم کیژە گەوجەدا دروست کرد. لە مانگی ١٨٧٧/٧ زەماوەندیان کرد. چایکۆفسکی لە سەرەتادا سەرباری ئەو ترسەی کە لە ژن هێنانی هەبوو هەوڵیدا مێردێکی چاك بێ بۆ ئەم ژنە سەیرە. بەڵام دوای دوو هەفتە هەوڵیدا لە خەوێکی سامناك بێدار بێتەوەو هەڵێ. بەبیانووی نەخۆشیو چارەسەرکردنەوە شاری بەجێ هێشتو رووی کردە یەکێك لە موڵکەکانی (دافیدوف)

لەوێ قەناعەتی بەخۆهێنا کە زەماوەندەکەی خەونێکی سامناک بووە. پاش ماوەیەك کە وەزعی بەرەو باشی چوو خۆی ئامادەکرد بۆ درێژەپێدانی دانانی مۆسیقای (ئوجین ئۆنیژین)و کەوتە خولیای ئەوەی ئۆرکێستەری سەمفۆنیای چوارەمی کە لە مانگی چواردا نەخشەکەی داڕێژابوو ڕێك بخا. نەیدەتوانی لەوەی پتر بمێنێتەوەو بۆ مۆسکۆ نەگەڕێتەوە. (ئانتۆنینا) بە دڵو بە گیانو بە عەشقێکی فراوانەوە چاوەنواری دەکرد. بەم جۆرە بۆ مۆسکۆ گەڕایەوەو لە ناخۆشترین دوو هەفتەی ژیانیدا دیسان هەوڵی دا لەگەڵ ژنەکەیدا بژی.

نا ئومێدیو ترسو پەرێشانی چایکۆفسکی لەم دوو هەفتەیەدا گەییە لوتکەو نەیتوانی تەنانەت تاقە نەوایەك بخاتە سەر کاغەز. شەوێك لە نێو سەهۆڵبەندانی مۆسکۆدا مایەوەو بە ئومێدی ئەوەبوو تووشی سیل ببێو بمرێ. بەڵام لەوە گیان سەخت تر بوو کە ئەم هیوایەی بێتە دی. لە ٦/١٠دا هەستی کرد کە چیدی ناتوانێ لەگەڵ (ئانتۆنینا)دا هەڵبکا. بلیتی قیتاری (سنپتر سپۆرگ)ی بڕیو چوو بۆ وێندەر. (ئاناتول)ی برای لەوێستگای نیکۆلای دا پێشوازی کرد. ئاناتولی سەیرێکی ئەم پیاوە توڕەو تڕۆیەی کردو یەکڕاست بردی بۆ نزیکترین ئوتێل. چایکۆفسکی هەرکە گەییە ئوتێلەکە فێی لێهاتو بورایەوەو تا دوو رۆژان بە هۆش نەهاتەوە. هەر کە کەمێك هاتەوە سەرخۆ لەگەڵ ئاناتۆل دا چوو بۆ وڵاتی سویسرا ئیدی ئەرکە قورسەکە کەوتە ئەستۆی (نیکۆلای رۆبنشتاین)و (مودست) کە هەواڵی نەخۆشی چایکۆفسکی بە ئانتۆنینا رابگەیەنینو پێی بڵێن کە هەرگیز چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەو نەبێ. ئانتۆنینا زۆر بە هێمنی گوێی لە قسە رەقو ناخۆشەکانی (رۆبنشتاین) گرت، رەنگە نەیویستبێ باوەڕ بەو کۆتاییە بێنێ.

لە سەرەتای ئەو سەروبەندە ئالۆزەدا کە چایکۆفسکی بوو بە دۆستو هاوڕێی (نادجدا)و (ئانتۆنینا) سی دانراوی تێرو تەسەلی لە مۆسکۆدا پێشکەش کران.

ئەم سی دانراوە لە باری مۆسیقاوە زۆر کۆكو شایانی سەرنج نینو تەنیا لەو رووەوە کە مایەی پەسەندی زۆربەی خەڵك بوون لە بیردا ماونەتەوە. یەکەمین پارچەی ئەم سی بەرهەمە ناوی (مارشی سلاف) بوو. ئەم پارچەیە لەسەر داوای (نیکۆلای رۆبنشتاین) دروست کرا تا لە کۆنسێرتێکدا پێشکەش بکرێو دەستکەوتەکەی بۆ بریندارانی صربیا تەرخان بکرێ. ئەو بریندارانەی لە شەڕی تورکەکاندا بریندار بووبوون. پارچەیەکی پڕ سەرو سەدا بوو. لایەنگری لە سیاسەتی دەوڵەت و یەکێتی نێوان نەتەوە سلافییەکان دەکرد. چونکە روسەکان لە ئاگری شەرمەزاریدا دەسووتانو تزاری روسیاش لە خوای دەویست دژی تورکەکان بەشداری شەڕ بکات. ئەم پارچەیە بە هەلهەلەو هاندانێکی زۆرەوە پێشکەش کراو پێشوازی لێکرا.

چایکۆفسکی بە خۆیشی بە جۆرێ کەوتە ژێر کاریگەری هاندانی خەڵکەوە کە ترسی رێبەری کردنی پارچەکەی بە تەواوی لەگیان رەوییەوە و لەکاتی دووبارە کردنەوەیدا لە مانگی شوباتی داهاتوودا ئامادەیی خۆی راگەیاند کە داری رێبەری کردنەکە بگرێتە دەست، بە جۆرێ دەرەقەتی کارەکە هات کە بڕیاری دا زۆربەی کاتی خۆی بۆ رێبەری ئۆرکێستەر تەرخان بکاو ئەم بڕیارە بووە هۆی ئەوەی کە لە دوا ساڵەکانی تەمەنیا وەکو ئەسپی یەرغە لەم شارەوە بۆ ئەو شاری دنیا بڕوات. چایکۆفسکی راستەوخۆ دوای ئەوەی بێ چ پێشەکییەك لە نوێ کاری رێبەری دەست

پێکردەوە. پارچەی (دەریای قوو)ی لەسەر چامەیەکی پۆشکین داناو لە ١٨٧٧/٣/٤ لە (گراند تیاتر) پێشکەشی کرد. ئەم دانراوە بەشکۆو جوانە کە بە ئاشکرا باندۆر و کاریگەریی (دلیب)و دانراوە شادەکانی مۆسیقای هاوچەرخی فەرەنسای پێوە دیارە، لە باری مێژووی مۆسیقاوە پایەیەکی بە نرخی هەیە. چونکە ئەم پارچەیە زەمینەی نەك هەر بۆ دانراوە دڵخوازەکانی چایکۆفسکی لە مەیدانی سەمای باڵیدا خۆش کرد، بەڵکو زەمینەی بۆ زنجیرە بەرهەمێکی چڕو پڕی مۆسیقای سەما لەلای دانەرانی دیکەی روسیش خۆش کرد.

پێنج رۆژ دوای کردنەوەی بەرنامەی (دەریاچەی قوو) نیکۆلای رۆبنشتاین بۆ یەکەمجار سەمفۆنیای (فرانسیسکا داریمینی) رێبەری کرد، کە چایکۆفسکی دەستەواژە جوانەکانی بەشی پێنجەمی (دۆزەخ)ی کرد بوو بە کەرەستەی. هەرچەندە هەندێ کەس ئەم پارچەیەیان کە تا رادەیەك هاماج و کەش و هەوای بەرهەمەکانی (لیست)ی گرتۆتە خۆ بە باڵاتر لە (رۆمیۆ جولێت) دەزانی. بەڵام چایکۆفسکی خۆی دەیزانی کە کامیان باشترو بەرزترە. لە ساڵی ١٨٨٢دا نامەیەکی بۆ (باکیرف) نووسیوەو دەڵێ: "ئەم دوو پارچەیە هەردووکیان (پارچەیەکی دیکەشی هەیە بە ناوی تۆفان،لەم روون کردنەوەیە بەدەر نییە) بە گەرمو گوڕی رواڵەتیو هەستی سەتحییەوە دانراونو یەکجار ساردو سڕو لاوازو پڕ لە هەڵەن. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە ئەم دانراوانە لەسەر بابەتێکی دیاری کراوو تایبەتی دانەنراون ،بەڵکو بۆ مەبەستو سەردەمێکی تایبەتی دانراون. واتە زادەی هێزی ئەندێشەو هەستی دەروون نین. بەڵکو بە گوێرەی رێکەوتی دەرەکی هاتوونەتە ئاراوە. هارمۆنی مەعنای مۆسیقا لە بەشی یەکەمی (فرانسیسکا)دا چ پێوەندییەکی بە مەزنی سەرسوڕهێنەری(دۆزەخەوە) نییە،جوانیو ناسکی ساختەو ریاکارانەی هارمۆنیای بەشی ناوەڕاست لەگەڵ سادەییو هێزی ناوەڕۆکەکانی دانتیدا نەگونجاوە" .

هەروەها چایکۆفسکی بە هەمان تووڕەیی رەخنە لە (رۆمیۆ جولێت) دەگرێو دەڵێ: "ئەوەی کە ویژدان ئازار دەدات ئەمەیە کە هیچ جۆرە پێوەندییەك لە نێوان تینو تاوو تاسەو کەڵکەڵەی تاق لاوێتی رۆمیۆی ئیتاڵیایی بەو جۆرەی کە شکسپیر وەسفی کردووەو ئەو چەمکە تاڵو شیرینانەی من دەرم بڕیوە بەدی ناکرێ".

ئەم قسانە بۆ خۆیان بەڵگەی تەواون بۆ بەرپەرچدانەوەی قسەی ئەو کەسانەی کە دەڵێن چایکۆفسکی هەستی رەخنە لە خۆگرتنی نەبووە.

کاتێ کە چایکۆفسکی لە مانگی ١٨٧٧/١٠ گەییە سویسرا نوسخەی دوو بەرهەمی نیوەچڵی پێ بوو کە بریتی بوون لە (ئوجین ئونیژین)و سەمفۆنیای فا مانیەر. جگە لەو چەند هەفتەیەی کە لەگەڵ (ئانتۆنینا)دا گوزەراندبووی ،ماوەیەکی زۆر بوو کە کاری لەم دوو پارچەیەدا دەکرد. سەیر دەکەین زۆر بە گەرم و گوڕی خەریکی دانانی سەمفۆنیای چوارەم بووە.چونکە بەتەما بوو پێشکەشی بکات بە (مادام فون میك) چونکە چایکۆفسکی لە دانانی بەشێکی زۆری دانراوە مۆسیقاییەکانیا قەرزاربااری سەخاوەتو دەستو دڵ تێری ئەم ژنە بوو. (مەدام فون میك) هەموو قەرزە زەروورییەکانی بۆ دایەوەو ژیانی لە فەوتانو وێران بوون رزگارکرد. ئەمە جگە لەوەی سلفەشی دایێ. لەو کاتەدا کە باری دارایی چایکۆفسکی یەکجار خراپ بوو، وا پێشبینی دەکرا

که بەر لەوەی هێزو گوڕی بەدەنی بێتەوە بەر ناچار دەبێ بۆ مۆسکۆ بگەڕێتەوەو سەر لە نوێ دەست بەکاری مامۆستایەتی بکاتەوە. ژنی نێوبراو هەندێ پارەی بۆ ناردو دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخساند کە چەندین مانگ بە ئاسوودەیی لەو وڵاتەدا بگوزەرێنێ. ئەم ژنە دەستو دڵ تێرە هەر بەوەندەوە نەوەستا، دوای چەند هەفتەیەکی دی بە نامەیەك چایکۆفسکی ئاگادارکردەوە. کە ساڵانەیەکی شەش هەزار رۆبڵی بۆ بڕیوەتەوەو بەشی یەکەمی ئەو ساڵانەیەی بە حەواڵە بۆ ناردووە. کاریگەری ئەم رێکەوتە گەورەیەو میهرەبانیو دڵسۆزیی بێ چەندو چوونی ئەو ژنەی کە بێزار بوو لە شووکردن بەو، بووە هۆی بووژانەوەیەکی ئەوتۆی توانای داهێنانی هونەری چایکۆفسکی کە وێنەی لە سەرانسەری ژیانیدا نابینرێ. لە ماوەی شەش مانگدا ئەم کارانەی ئەنجامدا:ئۆرکێستەری(یوجین ئۆنیژین)،سەمفۆنیای چوارەم.کۆنسرتۆیەك بۆ کەمانچەو سۆناتایەکی یەکجار تێرو تەسەل بۆ پیانۆ. ئەم بەرهەمە زۆرانە بە تەواوی گیانی گۆشەگیرییان لای سڕییەوەو بەوپەڕی شادمانییەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی سەفەری دەکردو ماوەیەك لە شارانی وەکو (کلارنس)و(فینیسیا)و (ڤینا)و (میلان)و (سان ریمو)و (فلۆرنسا) مایەوە، ئەنجام لە مانگی ١٨٧٨/٤ خۆی گەیاندە موڵکەکانی (مادام دافیدونا)ی خوشکی لە (کامینیکا) ،لێرەدا کۆنسرتۆی کەمانچەکەی تەواوکردو هاوینەکەی وەکو موڵکدارێکی گەورەی روسی بەسەر برد.

پویتەر ئیلیچ لە مانگی نۆدا رێك ساڵێك پاش زەماوەندە تراژیدیەکەی گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ. بەتەما بوو ئیستیقالە بکاو واز لە (کۆنسرفاتۆر- معهد تعليم الموسيقى) بێنێ.بەڵام بە شێوەیەکی کاتی گیرۆدە بوو و نەیتوانی ئیستیقالە بکا. چونکە رۆبنشتاین لە مەعرەزی پاریسدا خەریکی مەشق و رێبەریکردنی مۆسیقای روسی بوو کە چایکۆفسکی ئەو کارەی ڕەفزکردبوو. هەرکە رۆبنشتاین لە پاریس گەڕایەوە چایکۆفسکی یەکسەر ئیستیقالەی کردو دەستی بە ژیانی بەرەڵایی کردەوەو تاکو مردیش کە ١٥ ساڵ لەوەدوا مرد، ناوە ناوە نەبێ هەر بەردەوام بوو لەسەر ژیانی بەرەڵایی. لەم سەردەمەدا بابایەك بوو بەدڕەوشتو زۆر دەترسا کە ئانتۆنینا بیدۆزێتەوە،(جارێکیش دۆزییەوە) تووڕە بوو لەوەی کە بۆچی سەمفۆنیای فا ماینەر کە رەنجێکی زۆری لە پێناویا دابوو لە مۆسکۆدا وەکو پێویست برەوی بە ناوبانگی نەداوە. ئەوەی سەیرە ئەم بەرهەمە هەرە جوانە چ کارێکی نەکردە سەر خەڵکی مۆسکۆ. دیارە زانینی هۆی ئەمەش یەکجار زەحمەتە. ئەم سمفۆنیایە زۆر بە سستی جێی خۆی لە دنیادا کردۆتەوە.

لە ساڵی ١٨٩٧دا واتە ٢٠ ساڵ پاش دانانی ئەم سمفۆنیایە (جیمس هۆنیکەر)ی نووسەرو ناوداری ئەمریکایی کە خۆشەویستییەکی زۆری بەرهەمەکانی چایکۆفسکی لە دڵدا بووەو نووسیویەتی "بەداخەوە گوێی خەڵکی رۆژئاوا هەندێجار لە تەرکیباتی نا ئاسایی ئەم سەمفۆنیایە ماندوو دەبێ". بەڵام ئەم سەمفۆنیایە ئەمڕۆکە لە باری شورەتو ئیعتیبارەوە پایەیەکی یەکجار بەرزی هەیە. سەمفۆنیای فا ماینەر بە ڕادەیەك رەنگدانەوەی پێوەندی و دڵبەندی چایکۆفسکی بە (مەدام فون میك)ەوە بووە کە هەردووکیان پێیان دەگوت (سەمفۆنیاکەی ئێمە)، لەبەر ئەوەی ئەم سەمفۆنیایە رەنگدانەوەی هەستی ڕەشبینی هاوبەشی

هەردووکیان بووە، بۆیە لەم رووەوە بە پارچەیەکی یەکجار گەش‌و ئاشکرا دەژمێردرێ. بۆیە سەمفۆنیای چوارەم لە سەمفۆنیاکانی دیکەی چایکۆفسکی دیارترو جیاترە، چونکە بە دوورو درێژی چیرۆکێك دەردەبڕێ کە چایکۆفسکی لەسەر داوای (نادجدا) نووسیویەتی. ئەم سەمفۆنیایە وەکو سەمفۆنیای پێنجەمی بیتهۆڤن بە بابەتێك دەست پێدەکات کە نیشاندەری دەستی چارەنووسەو چایکۆفسکی ئەم بابەتەی بەهەوینی بنەڕەتی هەموو پارچەکە زانیوە. حەرەکەی یەکەم نیشاندەری ئەو هەوڵە بێهودانەیە کە بۆ راکردن لە تراجیدیای حەقیقەت‌و پەنا بردنە بەر دنیای خەون‌و خەیاڵ بەکاردێ. بەڵام لە پڕا بابەتی چارەنووس زاڵ دەبێ‌و خەون‌و خەیاڵەکانی پشتەوشار دەکاتەوە. حەرەکەی دووەم نیشاندەری پەنا بردنە بەر ڕابوردووە —پەنا بردن بۆ بیرەوەری شەو کۆڕەکانی ڕابوردوو.( ون بوونی ئینسان لە ناو بیرەوەری رابردوودا هەم تاڵەو هەم شیرین ) بەشی (ئەسکرترو)کەی بریتییە لە ئارابسکێکی رەنگاو رەنگ کە فۆرمێکی نادیارو نەرمی هەیەو ئەگەر کەسێك شەرابی خواردبێ‌و گێژ بووبێ مێشکی پێی مەغشوش دەبێ. بەشی کۆتاییەکەی سەدی سەد ئەم فکرە روسیە دەردەبڕێ کە ( ئەگەر هۆیەك شك نابەی کە خۆشحاڵ‌و شادبی بڕوانە خەڵکانی دی ، روو بکە خەڵکی) بەڵام چایکۆفسکی لە ئەنجاما ئیعتیراف دەکا کە ( روون کردنەوەکانی من تەواو ڕوون‌و قەناعەت بەخش نین) حاڵەتی تایبەتی مۆسیقاسازی لەمەدایە. ئێمە ناتوانین ماناو چەمکەکانی شیبکەینەوە. (هاین) گوتەنی "وەختێ کە قسە دۆش دادەمێنێ، مۆسیقا دەست پێدەکا". بەمجۆرە دەبینین چایکۆفسکی یەکجار وەستایانە کۆتایی بە روونکردنەوەکانی خۆی دێنێ.

سەبارەت بەوەی کە ئەم دوو مامۆستایە،دوو فەلسەفەو دووفیکری جیاوازیان دەربارەی چارەنووس هەبووە، دەبێ ئەوە بڵێین کە بابەتەکەی چایکۆفسکی لەمەڕ چارەنووس ڕوونترو ئاشکراترە. بە شێوەیەکی دی لە دنیای چارەنووسەوە نزیکترە. تا بابەتەکەی بیتهۆڤن. بەڵام چایکۆفسکی لە بری ئەوەی حەرەکەیەکی تەواو لەم بابەتە هەڵێنجێ، سەرەتا بە توانایەکی لە رادەبەدەرەوە دەری دەبڕێ‌و پاشان هەوڵدەدا چەمك‌و ئەنجامگیرییەکانی بە تەواوی لە بیر بەرێتەوە.حەرەکەی یەکەم کە جۆرە نیمچە ڤالیسکە لەسەر زنجیرە پارچەیەکی مەیلەو (ڕاپزودی) ڕۆ دەنرێ‌و کە لە رووی پتەوی‌و زەمینەی زیرەکانەوە لێکدی جیاوازەو لە ڕووی ریتمەوە یەکجار جوانەو شایانی لێ ڕامان‌و شیکردنەوەیە. هەرچەندە وادێتە بەرچاو کە لێکدی پچڕاو بێ، بەڵام لە راستیدا یەکێتییەکی واقیعی تێدایە.حەرەکەی دووەم یەکێکە لە یەکەمین ئیلهامە هونەرمەندانەکانی چایکۆفسکی. بابەتە ئەسڵییەکەی کە حاڵەتی پەرێشانی‌و بێ سەروبەری بە گوێگر دەدا جوانییەکەی تاڵ‌و جەرگبڕی جودایی‌و دووری تێدایە. بەشی (ئەسبکرتزو)کەی لە رووی بیناوە بە شاکارێکی گەورە دەژمێردرێ. ئەو ماددە دەوڵەمەندو زامە بەردەوامانەی کە تێیدایە لەگەڵ شوێنی وەستانەکاندا کە بە شێوەیەکی یەکجار ورد بەکار هێنراوە خۆی لە خۆیدا شوێن پێیەکە بۆ گەییشتن بە سستی‌و خاوی و پەنابردنە بەر بیرەوەری ڕابردوو لەحەرەکەی دووەمدا. هەروەها بەرەو حاڵەتی پڕ هەڵچوون‌و بە هێزی بەشی کۆتاییمان دەبات.

سەمفۆنیای چوارەم لە هەموو رووپەکەوە لە رادەی کەماڵدایەو ئەوە نیشاندەدا کە چایکۆفسکی هەموو توانای هونەری خۆی بۆ تەرخان کردووەو هەرگیز بەرهەمێکی لەمە چاکتری دانەهێناوە. چونکە سەمفۆنیای پێنجەم وشەشەمی لە رووی چۆنیەتییەوە بەچاکتر ناژمێردرێنو تەنیا ئەوەندەیە کە کارێکی جیاوازو دیارن. سەمفۆنیای چوارەم تەقریبەن کامڵترین بەرهەمی چایکۆفسکییە.

خەڵکی روسیا لەم زەمانەدا تەنیا ستایش و ئافەرینی ئەم هەوڵو کۆششانەی چایکۆفسکیان کردووە. سەیر ئەوەیە کە ئەویش زۆربەی کاتی خۆی لە وڵاتانی خارجی دەبردە سەرو عادەتەن هاوینان بۆ گوزەراندنی پشووی هاوینە دەچوو بۆ روسیاو وردە وردە پتر بە دیمەنی گوندەکانی وڵاتەکەی ئاشنا دەبوو. ئەو پێشوازییە ساردەی کە لە سەمفۆنیای فا مایئەر کرا نموونەیەکی لەبارو دیارو ساردو سڕی گوێ نەدانە بە کارەکانی ئەم دانەرەو رەنجاندنی. بۆ نموونە (کۆنسرتۆی کەمانچەکەی) کە کارێکی بەرزە لەلایەن (لیوبولد ئویەر)ەوە زۆر بە ساردی رەتکرایەوە ،چونکە یەکەم ئەنجامدانی زۆر زەحمەت بووو، دووەم کەمانچەژەنی نێوبراو ئامادە نەبوو کاتێکی زۆر بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە تەرخان بکا. لەمەش ناخۆشتر ئەو تەعامولە ساردو سڕە بوو کە خەڵکی سەبارەت بە پارچەی (ئوجین ئونیژین) نواندیان. ئەم ساردو سڕیە لەو کاتەدا بوو کە لە ١٨٧٩/٣/٢٩ پارچەی نێوبراو لەلایەن خوێندکارانی کۆنسرفاتوری مۆسکۆوە پێشکەش کرا هەرچەندە (نیکۆلای رۆبنشتاین)و ژمارەیەك لە مۆسیقازانانی دیارو ناسراوی دیکە ستایشی پارچەکەیان کرد ، کەچی ئانتون کە بە تایبەتی لە سنپترسبورگەوە هاتبوو بۆ مۆسکۆ تا لە شەوی یەکەمی پێشکەش کردنی پارچەکەدا ئامادە بێ لایەنی بێدەنگی هەڵبژاردو خۆی لە ستایش‌وباسکردنی پارچەکە دوورەپەرێز گرت. ئامادە بووانیش ستایشی چایکۆفسکی یان کردو تەنیا لایەنی ئەدەبو رێزیان رەچاو کرد. ئەم نیگەرانییەی چایکۆفسکی پاش ٥ ساڵان ئەوجا دامرکایەوەو رۆحی هێور بووەوە. چونکە تزار دەستووری دا کە ئۆپێرای نێوبراو لە کۆشکی ئیمپراتۆریدا لە سنپترسبۆرگ پێشکەش بکرێ. ئیدی ئەمە برێك رەواجی داییو چایکۆفسکی چەند جارێك سەفەری دوورو درێژی کردو چوو بۆ (پراگ)و (هامبۆرگ) تا بەخۆی رێبەری ئەم ئۆپرایە بکات.

نزیکەی سی ساڵێك لەمەوبەر (ئەو کتێبەی ئەم وتارەی لێ وەرگیراوە یەکەمجار لە ساڵی ١٩٣٩دا چاپ بووە) ئۆپرای (میترۆبولیتین)ی نیۆریورك (ئوجین ئونیژین)ی لە ماوەی دوو وەرزی دوا بەدوای یەکدا حەوت جاران پێشکەش کرد. بەڵام چیدی دووبارەی نەکردەوە، رەنگە ئەمە کارێکی ئاقڵانە بووبێ، چونکە سەرباری ئەوەی ئەم ئۆپرایە هەندێ لەحزەی جوانی رۆمانتیکیو ناسکی تێدایە، بەڵام تەنیا ناو بە ناو چۆنێتی دراماتیك دەگرێتە خۆ. ئەو بەشانەی کە لە رادیۆوە بڵاودەکرانەوە نیشاندەری نموونە دیارەکانی باشترین لەحزەکانی ئۆپێرا هەرە باشەکانی چایکۆفسکییە. مۆسیقای ئۆپێراکە دڵگیرە. بەڵام ئەو هێزو گوڕو تەوژمەی بەرهەمە چاکەکانی چایکۆفسکی بە هیچ جۆرێ تێدا نییە. چایکۆفسکی لە دانانی ئەم ئاوازەدا ئاسوودە نەبووە. ١٠-١٢ ئاوازی داناوە کە هەندێکیان زۆر دڵگیرو دیارنو یەکێکیان... ئاوازێکە لەسەر

پارچەیەكی پێشتری (گوتە) لە ژێر ناونیشانی (تاقە كەسێ كەتاسە دەناسێت)- ناو هێنانی لێرەدا زەروورییە ئەگەر شتێكی دیكەی دروست نەكردبایە، پایەو ئاستی پلەیەكو بگرە دوو پلەش لە (مانشێت) كەمتر نەدەبوو. ئەو ئاوازانەی كە داینـاون زیاتر لە دانراوەجۆراو جۆرەكانی دیكەی-جگە لە هەندێ پارچەی كەم كە بۆ پیانۆ داینـاون تا لە كۆشكەكانی پێشوازیدا پێشكەش بكرێن- ئەو حەقیقەتە تاڵە دەسەلمێنن كە ئەم دانەرە زۆر رژد بووە لەسەر رەخنەگرتن لە خۆ، هەمیشە پاش تەواوبوونی كارەكانی دەكەوتە ئەوەی بە چاوی حەقارەتەوە بڕوانێتە خۆی. دانراوە هەڕەمەكییەكانی چایكۆفسكی لەناو دانەرانی دەرەجە یەكدا تەنیا لەگەڵ دانراوە هەرەمەكیو بێ سەرو بەرەكانی (سیبلیوس)دا دێتە بەراورد كردن.

سەفەركردن لە پایتەختێكەوە یا شارێكی گەشت وگوزارییەوە بۆ پایتەخت یا شارێكی سیاحی دیكە- ئەمە ئەو كارە بوو كە چایكۆفسكی دەیكرد. زیانی لە چۆنیەتی مۆسیقای ئەو داوە. چەند پیاوێكی یەكجار سادەو ساكاربووە ئەوەندەش ئامادەبوو بەو پەڕی سادەییو ساكاریو ئاسانییەوە بكەوێتە سایەی كاریگەری بەرهەمی كەسانی دییەوەو شوێن پێی بێ سەرو بەری دانەرانی دی هەڵبگرێ- بۆ نموونە لە دەستەواژەیەكی سەدی سەد جیهانییەوە-هەندێ شتی بێ سەروبەری دادەتاشیو رێكی دەخستو كە زیانی لە چ كەسێك نەدەداو بۆ خۆیشی سوودێكی ئەوتۆی نەبوو. هەركەسێك چووبایە شاری پاریس دەیتوانی پارچەیەكی وەكو (كابریس ئیتالیان) بنووسێتو هەركەسێك شارەزای رێكخستنی ئۆركستەرێكی پڕ هەراو هۆریا بوایەو شارەزای دەستوورەكانی (كۆنترایون) با دەیتوانی مارسیلیزێك بۆ سروودی (تراز) پێكەوە بنێو تۆزێ سەلیقەو زەوقی هەبا دەیتوانی پارچەیە مارشی كیشداری وەكو ئورتوری (١٨١٢) بەشەقلی روسی دروست بكاو بڵاوی بكاتەوە.

لە ساڵی ١٨٨١دا زەبری كوشندە لە چایكۆفسكی كەوت. لە مانگی شوباتدا ئاهەنگێكی بۆ (خات ئورلیان)ی (شیللەر) دانابوو هەرچەندە شەوی یەكەم كە لە شانۆی (مارینسكی) لە (سنپترسبورگ) پێشكەشكرا ئامادە بووان زۆریان پێ خۆش بوو ،بەڵام كەوتە بەر رەخنەی توندوتیژو بەجێی رەخنەگرانەوە كە (سزاركوی) لەسەرووی هەموویانەوە بوو. لە مانگی نیساندا (نیكۆلای رۆبنشتاین)ی دۆستی مرد. چایكۆفسكی كە هەمیشە حازرگریان بوو، دیارە ئەم رووداوە كاری تێكردووە. لە كۆتایی ئەم ساڵەدا (تریو)یەكی بۆ پیانۆو كە كەمانچەو كەمانچەسول-واتە ئەو كۆمەڵە ئامێرەی كە لە ڕادەبەدەر لێیان بێزار بوو-دانا تەنیا لەبەر ئەوەی بە ئاهەنگێكی بچكۆلە یادی رۆبنشتاین بكاتەوە. یەكێك لە فریوكارییە بێ زیانەكانی تری (چایكۆفسكی) نووسینی نامەیەك بوو بۆ (مەدام فون میك) كە ئەم (تریو)یەی لەبەر خاتری داناوە. چونكە دەیزانی( مەدام فون میك) تا چ ڕادەیەك حەز لەم چەشنە ئاهەنگە دەكا.

(تریو) لا ماینەر كە جوانترین موسیقای كۆڕی چایكۆفسكیە وێڕای ئەوەی یەكجار درێژە تەنیا دوو حەرەكەی تێدایە. حەرەكەی یەكەم یەك (ئەلچی)یەو حەرەكەی دووەم زنجیرە فاریا سونیكە لەسەر كۆمەڵێك ئاوازی ناوچەیی كە چایكۆفسكیو رۆبنشتاین نزیكەی نۆ ساڵێك لەوە پێش لە سەفەرێكی خۆشو كورتی خۆیاندا گوێیان لێ بووبوو. هەر فاریاسونیكی نیشاندەری خەسڵەتێك

یا رووداوێکی ژیانی (رۆبنشتاین)ە. بەشی کۆتایی ئەم فاریاسۆنە بەڕادەیەك درێژە کە حاڵەتی حەرەکەیەکی سێیەمی گرتۆتە خۆو نیشاندەری تۆفانێك ڕقی خەم وروژێنە کە بە (ئاندانیت)ێکی تاریك کۆتایی دێت. لەم بەشەدا هەمان وەزنی (مارشی فونبەر)ی چۆپان بەکارهاتووەو دەتوانرێ بە نیشاندەری پرسەی ئەو کەسە بناسرێ کە ئەم (تریو)یەی بۆ دانراوە. (تریو)ی لا ماینەر پارچەیەکی ناسكو پڕ رووداوەو نیشاندەری ڕاستترین حالآتی چایکۆفسکییە، هەڵبەتە هەندێ لەحزەی ئاڵۆزو تەمو مژاویشی تێدایە. بە کورتی ئەم (تریو)یە لە زۆربەی ئەو تریویانەی کە لەلایەن مامۆستایانی ناوداری ئەم شێوازەوە دانراون دڵ خۆشکەرترە.

چایکۆفسکی لە مانگی ١٨٨١/١١دا لە رۆما بووو هەواڵی پێگەیی کە (ئەدۆلف برودسکی) بە تەمایە لە شاری ڤینادا وەکو کەمانچەژەنی تاك لە کۆنسرتۆی کەمانچەدا کە دەمێ بوو فەرامۆشی کردبوو دەست بەکار بکات. کۆنسرتۆی کەمانچە لە پەیژەی (ر)دا نەك هەر پارچەیەکی یەکجار قورس بوو بەڵکو بەشتێکی تازەش دەژمێردراو، پێشکەشکردنی کارێکی تازەی غەیری کارەکانی (برامس) لەبەردەم رۆژنامە توندوتیژەکانی ڤینادا بەڕاستی بەکارێکی ئازایانەو بێباکانە دەژمێردرا. (ئەدوارد هزلیك) کە خۆی بە پارێزەری هەرە گەورەی مۆسیقا دانابوو، بە گیانێکی تووڕەو پڕ لە قینەوە لە وتارێکی پڕ لە قسەی ناشیرینو بازاڕی ئەم کۆنسرتۆیەی شەرح کرد– ئەم وتارە پڕ بوو لە ئیهانەو تەوسی نابەجێ کە چایکۆفسکی تاکو مردنیش هەر لە بیری نەچووو پێوەی دەتلایەوە. بەڵام (برودسکی) کۆڵی نەداو بڕیاری دا هەتا هەتایە ئەم کۆنسرتۆیە ئەنجام بدات. بۆیە سوپاسگوزاری هەمیشەیی چایکۆفسکی بەدەست هێنا.چەرخی رۆژگار سەلماندویەتی کە (هزلیك)و هاوکارەکانی وەکو چۆن بەشێوەیەکی زەق دەربارەی (ڤاگنر) هەڵە بوون ،دەربارەی چایکۆفسکیش تاڕادەی بێ شەرمی هەڵە بوون.

کۆنسرتۆی (ر) مێجەر نەك هەر بەناو بەنانگترینو باوترین بەرهەمی چەشنی خۆیەتی، بەڵکو یەکێکە لە چاکترینیان. کێشەی پێشکەشکردنی ئەو بەرهەمە کێشەی ژەنیارە نەك گوێگر. بە جۆرێکی لەزو یەکسەری کار لە هزرو هۆش دەکات، کارێکی ئەوتۆ کە تەنانەت چاکترین دانراوی بیتهۆڤنو برامس ش ناتوانن ئەم کاریگەرییەیان هەبێ. ئەگەر بمانەوێ سەبارەت بە بایەخی کۆنسرتۆ لە پەیژەی (ر)دا بدوێین ئەوا کارێکی بیهۆدە دەکەین. لە سەرەتاوە دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم کۆنسرتۆیە پارچەیەکی پڕ لە هەستو ئاوازی زۆر، پڕ لە هێزی وەزنی جۆراو جۆری یەك لە دوایی یەك ورەنگ ڕشتنە ئاشکراو وردەکەی بێ ئەندازە لەزەت بەخشە.

کەمانچە ئەرکی قوورسی دە ئەستۆدایە، بەڵام کارەکەی بەشێوەیەکی جوانو سەرسوڕهێنەر تێکەڵ بە ئیمکاناتی ئەو سازە دەبێ. کۆنسرتۆی (ر) مێجەر بە تەنیا وەڕزکەرە، بەڵام هەرکە سازە تەنیاکە دەکەوێتە غەزەلخوانی کاریگەریی پێشەکییەکە بە تەواوی لەبەین دەچێو نامێنێ. بابەتی حەرەکەی یەکەم حاڵەتی ئاوازێکی ڕۆمانسی هەیەو پاشو پێشکردنی وەکو ئەوەیە ئازادیو بێ پەروایی عەشق بگۆڕێن بەڕواڵەتبازیو ئەمەش ڕەنگە پێچەوانەی زەوق بێ. لە کاتێکا وانییە.ئەو ڕووداوەی کە روودەدا وادێتە بەرچاو کە گەڕانەوەی بۆ نییەو زۆریش بەجێیە. ئاوازی (کانزونیتا) پارچەیەکی جوانی خەمناکەو لە حەقیقەتدا ئیسراحەتێکی پێویستی بەر لە

گەیشتنە بە هەڵچوونی توندی بەشی کۆتایی کە لە باری هێزو بەرزەفڕیو شادییەوە وەکو (کەرمیس)ی (بیتهۆڤن)ە. (روزا نیومارچ) لە شیکردنەوەی ئەم پارچەیەدا دەڵێو راستیش دەکا کە چایکۆفسکی حەرەکەتێکی داهێناوە هێندە پرشنگدارو ڕەوانو دڵگیرە، لەوەیە بە هەمان ئەو ئەندازەیەی کە (هنزلیك)ی تووڕە کردووە، بیتهۆڤنی شادو خۆشحاڵ بکردایە. تەواو ئاشکرایە ئەوانەی کە چایکۆفسکی بە دانەرێکی خەمبارو تاقەتبەر دەزانن. کاتێ کە کۆنسرتۆی کەمانچەکەی لێدراوە لە غوربەتی خەودا بوونە.

پاش ئەوەی رۆبنشتاین لە ساڵی ١٨٨١دا مرد، داوایان لە چایکۆفسکی کرد کە ئیدارەی کۆنسرفاتۆری مۆسکۆ بگرێتە ئەستۆ.دەبێ ئەوە بگوترێ کە ئاخرو ئۆخری دەرس دانەوەی چایکۆفسکی لە کۆنسرفاتۆری مۆسکۆدا ، رۆبنشتاین پتر وەکو دانەرێك ڕێزی لێدەگرت تا وەکو مامۆستایەك.بەهەرحاڵ چایکۆفسکی ئەم پێشنیازەی رەفزکرد چونکە هێندە هۆگری سەفەر کردن بوو کە نەیدەتوانی دەست بەرداری بێ. ئیدی ئەم سەفەرانە بەشێکی تەواویان لە شەش ساڵی تەمەنی داگیرکردووە. هەڵبەتە هەندێ کاتی خۆیشی بەدانانی مۆسیقاوە بردۆتە سەر، بەڵام ئەم بەرهەمانە شتێکی گەورەیان نەخستۆتە سەر پلەوپایە هونەرییەکەی.گەورەترین دانراوی ئەم سەروبەندەی ژیانی کۆنسرتۆی پیانۆی دووەمێتی. لەوەیە هۆی سەرەکی ئەوەی کە ئەم کۆنسرتۆیە هەرگیز گوێی لێ ناگیردرێ، ئەمەبێ کە هەم کەمانچەکەو هەم کەمانچە سوڵەکە ئەرکی تەنیاو ئاڵۆزیان لە کۆنسرتۆکەدا هەیە– هەڵبەتە هێندەش گرینگ نییە کە ئەم کۆنسرتۆیە بە کۆنسرتۆیەکی سێ سازی بناسرێ.بەڵام ئەوەندە زۆرە کە پیانۆژەنێکی ئاسیایی نارەحەت بکا. مۆسیقاکەی بە شێوەیەکی جوان رێکخراوەو وێڕای ئەوەی یەکجار درێژە، لەوەیە سەرنجی ژەنیارە لێهاتووکارامەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.(مانفرد) سەمفۆنیایەکی تێروتەسەلی خوازراوە– پارچەیەکە تێکەڵ لە مۆسیقاو ئەدەبیات کە لەسەر (سەمفۆنیای فانتاستیك)ی (بەرلیوز) رۆنراوەو تەنانەت بابەتی (فیکری نەگۆڕ)یشی تێدا بەکار هێنراوە. چایکۆفسکی لەم ساڵانەدا چەند ئۆپێرایەکی مام ناوەندیشی داناوە کە ئەگەری بوژاندنەوەو پێشکەش کردنیان یەکجار کەمە. یەکێك لەو ئۆپێرایانە هەر ئەو (فاکولای رۆیگەر)ەیە کە پێیدا چووەتەوەو ناوی (ئارەزووەکانی ئۆکسانا)ی لێناوە.ئەم ئۆپێرایە لە ساڵی ١٩٢٢دا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بۆ کۆمەڵێك پێشکەشکرا،کە زۆر بە ئەدەبو شادیەوە گوێیان لێگرت. پارچەیەك کە بەراستی مایەی رەزامەندی خەڵکە،(سویت)ێکی یەکجار دڵگیرە بە ناوی (موزارتیانا)وە کە بۆ (ئۆرکستەر)رێکخراوە.ئەم پارچەیە چەشنە ستایشێکە کە چایکۆفسکی بۆ دانەری خۆشەویستی خۆی بە شێوەی کۆن دایناوە.

چونکە لەم چەند ساڵەی تەمەنیان جگە لە پێویستییەکی سەمفۆنیو چەند ئۆپێرایەکی لاوازو چەند ئاهەنگێکی چکۆڵە کە چەشنی چەپکە گوڵێك ، بۆنی ناسکیو جوانییان لێدێت، شتێکی ئەوتۆی دانەنابوو کە مایەی بەرز بوونەوەی ئاستی هونەری بێت. بۆیە هیچ سەیر نییە کە دەبینین لە مانگی ١٨٨٨/٤ لە خۆی دەپرسێ (ئایا بە ئەندازەی پێویست شتم نووسیوە؟ ئایا بیرۆکەیەکی تازەم بۆ نووسین نییە؟ حەزم لە نووسین نییە؟) بەڵام ڕستەی دواتری ئەم نامەیە کە

دەڵێ: "بەڵام هێشتا بەهیوام کە بتوانم کەرەستەی پێویست بۆ دانانی سەمفۆنیایەك کۆبکەمەوە" نیشانەی ئەمەیە کە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێی پێشەکیەکی خۆیەوە. بە کورتی چونکە لە سایەی ئەو سەرکەوتنە دیارەی کە لە ساڵی ١٨٨٧دا لە ئەنجامی رێبەری کردنی ئۆرکستەردا لە سنپترسبۆرگ بە دەستی هێنابوو لە مانگی ١٨٨٨/١دا دەستی دایە رێبەری کردنی یەکەمین کۆنسرت لە زنجیرە کۆنسرتێکی شورەت خوازانە کە شورەتی گەیاندە مەڵبەندە سەرەکیەکانی رۆشنبیریی جیهان. تەنانەت گەیاندیە شارە گەورەکانی وەکو: نیویۆرك‌و فیلادلفیا‌و پالتیمورو بووە مایەی ئەوەی کە ببێ بە یەکێك لە ناودارترین کەسانی سەردەمی خۆی. ئەم تام‌ولەزەتی شانازییەی کە لەم رێگایەوە بە دەستی هێنابوو بۆ ئەو ئومێد بەخش بوو. رووی بکردبا هەر شوێنێ بە گەرمی پێشوازی لێدەکرا. دەوڵەمەندان‌و خانەدان‌و ئەشرافان دەچوونە دیدەنی کۆنسێرتەکەی.کەچوو بۆ شاری لایپزك تا ڕێبەری ئۆرکستەرێك بکا.(برامس)و (گریك)و دەستەیەك لە مۆسیقازانانی ناودارای بینی. ئەو ناودارانەی کە ناویان لە فەرهەنگی مۆسیقای (گروف) دا تۆمار کرابوو. لە شاری (پراگ) دا (دوفژاك) چووە دیدەنی‌و لە پاریسدا (گونود)و (ماسنیە)و (پادروسکی) دیدەنیان کرد.خەڵکی لەندەن هەرچەندە پایەی کۆمەڵایەتی چایکۆفسکییان بەگەن نەدەکرد، بەڵام بە تاسەو ئارەزوویەکی فرەوە پێشوازییان لە دانراوەکانی دەکرد.چایکۆفسکی بەو شۆرەتە کە بەم شێوەیە بە دەستی هێنابوو وەکو ڕێزگرتنی مەسئوولیەتە هونەریەکەی کەزادەی ئەم شۆرەتە بوو گەرایەوە بۆ روسیا‌و لە گوندێکدا کە بەیارمەتی (ئەلکساندەری سێیەم) کڕی بووی. بە ئاسوودەییەوە ئاکنجی بوو. لە ماوەی چوار مانگدا سەمفۆنیای پێنجەمی تەواوکردو بە تەوسەوە پێشکەشی کرد. (ثیودور ئافیە لالمن)ی مودیری ئەنجومەنی فیلارەونیکی هامبۆرگ کە زۆر بەرەقی پێی ڕاگەیاند بوو کە هیچ شارەزاییەکی لە ئسولیاتی مۆسیقای ئەڵمانی نییە. چایکۆفسکی لە ١١/١٧ بۆ یەکەمجار سەمفۆنیای می ماینەری خۆی رێبەری کرد.

ئامادەبووان هێندە بە ساردی پێشوازییان لێکرد کە پاش ماوەیەك ئەم دانەرە بورخواردووە بە خەمبارییەوە نووسی" ئایا ئیدی لێبوومەوە، تەواو بووم؟" بە خۆی کەوتە جنێودانی سەمفۆنیاکەی خۆی. ئەمڕۆکە سمەفۆنیای پێنجەمی چایکۆفسکی نەك هەر ناودارترین‌و باوترین سەمفۆنیای ئەوە ،بەڵکو لە رووی بایەخ پێدانی خەڵکییەوە رەنگە تەنها ٢-٣ سەمفۆنیای لەوە باشتر هەبن. جگە لە هەندێ دەستکاری‌و گۆڕانکاری گرینگ نەبێ کە لەو سەمفۆنیایەدا کراوە. ئیدی ڕەنگ ڕشتنەکەی هەمان ڕەنگ ڕشتنی سەمفۆنیای فا ماینەرە، بە تایبەتی لەم رووەوە کە بابەتەکەی نیشاندەری هێزی چارەنووسە‌و حەرەکەکانی پێکەوە گرێ دەدا. هەر لەبەر ئەمەشە کە چایکۆفسکی پێشەکیەکی بۆ زیادکردنی چۆنیەتی دراماتیکی ئەم سمفۆنیایە بەکارهێناوە. (لەوەیە هەر لەبەر ئەم خاڵەش بێ کە هەندێ کەس سەمفۆنیای پێنجەم بەسەر سەمفۆنیای چوارەمدا پەسەند دەدەن) حەرەکەی یەکەمی ئەو سەمفۆنیایە حاڵەتێکی ئاڵۆزو مەنگی گرتۆتەوە خۆو پەژارەو خەمێکی ئاوێتە بەجۆرە خۆشحاڵیەکی تووڕەی، تێدا هەست دەکرێ‌و ڕەنگێکی مەیلەو تاریکی پڕ سوێی تێدا تێکەڵ بووە. حەرەکەی دووەم بەم رستەیە دیاری کراوە (بە ئازادی

تەواوەوە عەزف دەکریٚ و بە ئاوازێکی پرسویٚ و بەتاسەوە لەلایەن یەك هورنەوە دەست پێدەکریٚ)
ئەم بەشە بۆ سازی دیکە ڕێکخراوەو ئەمڕۆکە یەکێکە لە خۆشەویستترین ئاهەنگەکانی کۆشکەکانی پێشوازی، پاش ئەوە بەرە بەرە پەرەدەسەنیٚ و بە پرمە پرمی گریانێکی گشتی کۆتایی دیٚ ،کە هەڵبەتە ئەگەر لە باری مۆسیقاوە کاریگەر نەبوایە تاقەت بەردەبوو. حەرەکەی سێیەمی پارچە (ڤالس)ێکە کە بە حاڵەتی پرسیارکەرو بەشێوەیەکی ئەزموونگەری دەست پێدەکا. بەڵام بەبیٚ پەلەو هەڵچوون پەرە دەسەنیٚ و ئەنجام دەگەڕێتەوە سەر هەمان حاڵەتی هەوەلین و تەنیا ئاماژەیەك بۆ بابەتی چارەنووس دەکات و کوت و پڕ ئەو حاڵەتە دەپچڕیٚ...
حەرەکەی چوارەم لە حەقیقەتدا هۆیەکی خزانە بۆ ئەو کەسانەی پێیانوایە چایکۆفسکی هەمیشە پەنای بردۆتە بەر نائومێدی وبیٚ هیوایی. چونکە ئەم شاکارە مەزنە لە باری ریتمەوە یەکجار هەمە جۆرودەوڵەمەندوەو، لەباری ئۆرکستەرەوە یەکجار بەهێزەو یەکێکە لە گەورەترین نموونەکانی سەراپای کارە مۆسیقییەکان کە وەڵامی پۆزەتیفی گرتۆتە خۆ. ئەگەر چایکۆفسکی یەکسەر پاش تەواوکردنی سەمفۆنیای می ماینەر مردبا نووسەرانی ژیاننامەکەی ناچار دەبوون بگەنە ئەو ئەنجامگیرییەی کە ڕێگایەکی چاك و ئابڕوومەندانەی بۆ تیماری رۆحی ماندووو پەشێوی خۆی دۆزیوەتەوە.
کاتیٚ چایکۆفسکی لە ساڵی ١٨٨٩دا سەفەری هونەریی دووەمی بۆ ئەوروپا کرد زۆر بەبیٚ مەیلی و نا بەدڵییەوە سەمفۆنیای پێنجەمی خستە ناو بەرنامەی کۆنسرتۆکەیەوەو هەر بۆیەش ئەو کارەی کرد تا خەڵکی پێی بە (سەمفۆنیای پێنجەم) ئاشنا بن. کاتیٚ کە لە هامبۆرگدا ڕێبەری کرد (برامس) تەنیا بەو مەبەستە هات بۆ ئەو شارە تا گوێی لێبیٚ. برامس بەشی کۆتاییەکەی بە دڵ نەبوو. بەڵام تا ڕادەیەك سیٚ حەرەکەکەی دیکەی پەسەند کرد. چایکۆفسکی هاوینی ئەو ساڵەی بەوپەڕی ئاسوودەییەوە لە هاوینە هەوارەکەی خۆیدا گوزەراندو چ کارێکی نەکرد جگە لە ڕێکخستنی ئۆرکستەرێکی مۆسیقای بالیٚ بە ناوی (شۆخی خەواڵوو) کە لە سەرەتای هەمان ساڵدا (ڕێکخراوی ئۆپێرای ئیمپراتۆری) ئەو کارەی پیٚ ڕاسپاردبوو. ئەم بالێیە لە مانگی یەکی ساڵی پاشتر لە بەردەم تزاردا پێشکەشکراو چاپکۆفسکی کە بە خۆی لە مۆسیقای ئەم بالییە رازی بوو، کاتیٚ کە گوێی لە تزار بوو بە ئەسپایی لەبن لێوانەوە گوتی: "زۆر جوانە)و خەڵکی زۆر بە ساردی پێشوازییان لێکرد وەکو کەو چوو. پارچەیەکی لە ڕادەبەدەر جوان و سووك کە بەشێکی لە نمایشنامەیەکی کورتا لەلایەن برازاو خوشکەزاکانی چایکۆفسکییەوە لە (کامینیکا) دیاری کرابوو،پێشکەشکراو زۆر بە خێرایی جێی لەدڵی خەڵکیدا کردەوەو ئێستاش لە ڕادەبەدەر جەماوەری هەیە، بەڵام خودی بالییەکە بە تەواوی لەبیر چووەتەوەو تەنیا فۆرمێکی کورتی نەبیٚ بە ناوی (زەماوەندی ئارورا)ەوە کە کەم تا کورتیٚ ئاوڕی لیٚ دەدرێتەوە. ئەو زەبرە ڕوحییەی لە ئەنجامی کاردانەوەی خەڵکی بەرانبەر بە یەکەمین پێشکەش کردنی (شۆخی خەواڵوو) بە چاپکۆفسکی کەوت، لەوە قورستر بوو کە ئەو پێشوازییە گەرم و گوڕەی لە دوا ئۆپرای تێرو تەسەلی (واتە رامپسیك) کرا بسڕێتەوە. ئەم دوا ئۆپرایە ڕێك بەر لە یادی پەنجا ساڵەی لە دایکبوونی خۆی تەواو بووبوو. ئەم ئۆپرایە بەتەواوی بەرهەمی

زهنی خانەوادەی چایکۆفسکی بوو، چونکە (مودست)ی برای شیعرەکانی ئەو ئۆپرایەی لە چیرۆکێکی پوشکینەوە وەرگرتبوو و ڕێکی خستبوو. هێشتا ئۆپرای (رامپسیك) پێشکەش نەکرا بوو کە ڕووداوێکی ناخۆش ڕووی داو چایکۆفسکی لە ڕادەبەدەر پەستو خەمبار کرد. هێشتا چایکۆفسکی نەیدەزانی چەندی پارە لە بری دانانی ئۆپێرای نێوبراو دێتە دەست، ڕێك لەم کاتەدا بوو کە هەواڵێکی ناخۆشی لە ١٨٩٠/١٠ پێ گەیی و بەم هەواڵە گرنگترین کۆڵەگەی ژیانی هەرەسی هێنا.ئەم جەزرەبە لە پڕەی کاتێ وێکەوت کە چوو بوو بۆ تەفلیس بۆ دیدەنی (ئەناتۆڵ)ی برای،کە (مادام فون میك) نامەیەکی بۆ نووسی بوو کە وەزعی دارایی زۆر خراپەو ناتوانێ چیدی یارمەتیەکەی بۆ بنێرێ. ئەم هەواڵە خۆی لە خۆیدا مایەی دڵتەنگیو نیگەرانی بوو. بەڵام لەمەش خراپتر ئەمە بوو کە نامەکە شەقڵی ماڵئاوایی یەکجارەکی پێوە دیار بوو. چونکە ئەم خانمە هەمیشە گلەیی لە وەزعی دارایی خۆی دەکرد. ئیدی ئەمجارەیان چایکۆفسکی تەواو دڵنیا بوو کە دەبێ دووچاری کێشەی دارایی گەورە بووبێ. بە هەرحاڵ چایکۆفسکی لە کاتێکدا کە دەچوو بۆ سنپترسبۆرگ تا سەرێك لە پرۆڤەی ئۆپێرای (دام بیك) بدات لە مۆسکۆدا لای داو لەوێندەر ئەم هەواڵە سەیرەیان دایێ کە قسەکانی (نادجدا) دەربارەی کێشەی داراییو لە دەست دانی بەشێکی تەواوی سەروەتەکەی نەك هەر موبالغە بووە بەڵکو سەدی سەد درۆ بووە. ئیدی بۆی دەرکەوت کە ژنی نێوبراو لە کنوکۆی ئەوەدایە کە بیانوویەك بۆ پچڕانی پێوەندی خۆی لەگەڵ ئەودا بدۆزێتەوە. ئەم دوو کەسە کە تا ئەو کاتە هەرگیز قسەیان دەگەڵ یەکدی نەکردبوو و تەنانەت ئەو چەند جارەش کە بە ڕێکەوت لە کۆڕو کۆبوونەوەی گشتیو تایبەتیدا یەکتریان دیتبوو تاقە قسەیەکیان دەگەڵ یەکدی لە زار نەگەڕابوو. کەچی لە ماوەی ئەم ١٣ ساڵەدا بەردەوام نامەیان لە نێواندا هەبووەو دۆستایەتیو هۆگریان لە هەموو مەیدانەکاندا جگە لە مەیدانی پێوەندی سێکسی گەیی بووە لوتکە. بۆیە مایەی سەرسامی نییە کە دەبینین چایکۆفسکی کە خۆی لە خۆیدا ئامادەییەکی تەواوی نائومێدی هەبوو، ئەم پەیمان شکێنیەی (نادجدا)ی بە نیشانەیەکی پەیمان شکێنی چاکترین نموونەی بەشەر زانیوە. ئەو زامەی ئەم جەزرەبەیە خستییە ڕوحی هەرگیز خۆش نەبووەوەو لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگدا بوو بە پیرە مێردێکی کەلەلا.

هەڵبەتە بۆ ئێمە مایەی سەرسامییە کە چ شتێك بووە مایەی ئەم هەنگاوە دوور لە سۆزو ئینسانیەتەی (مادام فۆن میك) هیچ وەڵامێکی قەناعەت بەخشمان لەم بارەیەوە پێ نییە. ڕەنگە شتێکیان لەمەڕ شزوزە جنسییەکەیەوە بە گوێدا چاندبێ. ئەگەری لەمە بەهێزتر ئەمەیە ڕەنگە مەرگی کوڕە خۆشەویستەکەی بووبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم ژنە توندە تەبیعەتە وا هەست بکا کە بایەخ دانی بە چایکۆفسکی بووەتە هۆی ئەوەی لە سەرپەرشتیو ئاگاداری خێزانەکەی دوور بێ. لەوەیە هۆیەکی دیکەی ئەم وەزعو حاڵە سەرسوڕهێنەرە ئەمە بووبێ کە لە ساڵی ١٨٩٠دا نەخۆشی سیلەکەی (مادام فۆن میك) تەواو کەسیرەی کردو ئەوە بوو پاش سێ ساڵان مرد.

هەرچەندە ئۆپرای (دام بیك) پارەو دەسکەوتێکی زۆری بۆ چایکۆفسکی فەراهەم کرد، بەڵام هێشتایش لەو باری ناڕەحەتییەی کە لە ئەنجامی کەسری دەرامەتەوە تووشی بووبوو، ڕزگاری

نەکرد. بۆیە لە خۆڕا بەناو کەوتو چ پێشنیازێکی کارکردنی رەفز نەدەکرد، تەنانەت کەوتە کەڵکەڵەی ئەوەی (کارێ بدۆزێتەوە کە دەرامەتی باشی هەبێ). لە سنپترسبۆرگەوە پێشنیازێکی بۆ نێردرا کە ئۆپێرایەکی یەك پەردەیی و باڵێیەك دابنێ. موافەقەتی لەسەر ئەوە کرد کە رێبەری یەکێك لە کۆنسێرتە مۆدەکان لە پاریسدا بکات. ئەنجام بەسەر ترسی سەفەری دوورو درێژدا زاڵ بوو و لەسەر داوای (والتەر دامروش)ی لاو بڕیارێکی ئیمزا کرد کە سەفەرێکی هونەریی بۆ ئەمریکا بکا. تەقریبەن بەر لەوەی لە سنووری روسیا ڕەت ببێ تووشی جۆرە غوربەتێکی دووری لە وڵات بوو. تەنانەت یەکەم سەرکەوتنی لە فەرەنساشدا هەر دڵخۆشی نەکرد. رۆژێك پێش دەرچوونی لە پاریسەوە بەرەو ئەمریکا.هەواڵی مەرگی خوشکە خۆشەویستەکەی لە رۆژنامەکاندا خوێندەوە. خەریك بوو لە سەفەرەکەی بۆ ئەمریکا ژێوان ببێتەوە. ئەنجام بەسەر سۆزا زاڵ بوو و لە ١٨٩١/٤/٢٧ گەییە نیۆیۆرك. یەکەم شەوی لە ژووری ئوتێلدا بە تەنیاو بەگریان بردە سەر. بەڵام لە ڕادەبەدەر بەوە خۆشحاڵ بوو کە لە ٥/٥دا لە (هۆڵی کۆنسرت) ئەو هۆڵەی پاشای ناوەکەی کرا بە (هۆڵی زەرد) بەشداری کۆنسێرتی افتتاحی کرد. سەبارەت بەدڵسۆزی خەڵکی ئەمریکا دەربارەی خۆی نووسیویێتی "شۆرەتو ناوبانگم لێرەدا دە ئەوەندەی شۆرەتو ناوبانگمە لە ئەورووپا" ئەمریکای بە دڵو بەگیان خۆشدەویست. هەندێجار نەبێ کە غوربەتی دوورە وڵاتی سەغڵەتی دەکرد، دەنا ئەمریکای یەکجار پێخۆش بوو. پاش ئەوەی چوار کۆنسێرتی لە نیویۆرك و یەکێکی لە فیلادلفیاو یەکێکی دی لە بالتیمور ڕێبەری کرد، سەفەرێکی دوورو درێژی نێوان واشنتۆنو تاڤگەی نیاگارای کردو پاش ئەوەی (ئاندرۆ کارەنگی) میوانداربیەکی بەشکۆی کرد ئیدی لەئاخرو ئۆخری مانگی پێنج دا بۆ روسیا گەڕایەوە.

چایکۆفسکی حەزی دەکرد لە هاوینە هەوارەکەیدا بمێنێتەوە. خۆ ئەگەر ئەو کارەی کردبا لەوە بوو لە ماوەی چەند مانگێکدا ئەو دانراوانەی کە لە (سنپترسبۆرگەوە) داوایان لێکردبوو تەواو بکا. بەڵام لە ناکاودا بێئەوەی خۆی زۆری مەیل لێبێ، لە ئەنجامی کەڵکەڵەی پارە پەیدا کردندا دەستی دایە زنجیرە کۆنسێرتێکی دی. لە مانگی ١٨٩٢/٢ کە گەیی بووە پاریس غوربەتی دوورە وڵاتیو بێ مەیلی خەڵکەکە وایان لێکرد چاوپۆشی لە پاشماوەی سەفەرە هونەرییەکەی بکاو بەپەلە بەرەو وڵاتی خۆی گەڕایەوە. بەڵێنی دابووە (کۆڕی مۆسیقای روسیا) کە بەرهەمێکیان بۆ ئەو کۆنسێرتە ئامادە بکا کە قەرار بوو لە ٥/١٩دا لە سنپترسبۆرگ پێشکەش بکرێ. بەڵام چونکە هیچ شتێکی لەبەر دەستدا نەبوو بە پەلەپەل هەندێ پارچەی لە (سەمایەکی باڵێ)ی خۆی کە خەریکی دانانی بوو هەڵبژاردو لەگەڵ ئۆرکستەردا رێکی خست. بەمجۆرە ئاهەنگی مەنشوری (ماچو موچ) هاتە ئاراوە و لە شەوانی کۆنسرتۆکەدا هەرجارەی بەشێکی لەسەر داوای ئامادەبووان پێشکەش دەکراو لەوە بە دواوە ئەم (سوییت)ــە وەکو ناودارترین و دڵگیرترین دانراوی غەیرە سەمفۆنی چایکۆفسکی بۆ ئۆرکستەر هاتە ژماردن و بەردەوام بوو.چایکۆفسکی زۆر زیرەکانە تەعامولی لەگەڵ ئەم کارەدا کردووە.(ماچ و موچ) یەکەمین پارچەی درێژو تێرو تەسەلی دانەرێکی پایە بەرزە کە سازی (سوڵست)ی تێدا بەکارهاتووە. کاریگەریی نوێو بێ وێنەی ئەم سازە واتە (سوڵست) لە بەشی (سەمای پەری نوقڵو نەبات) دایە کە چایکۆفسکی

زۆری تاكید لەسەر دەكرد. هەڵبەتە ئەمڕۆكە نەماوە. بەڵام جوانی ئەم (سوییت)ە ماوەیەكی یەكجار زۆر سەرجی خەڵكی بەلای خۆیا ڕاكێشاوە. ئەوەی سەرنج ڕاكێشە ئەمەیە كە پارچەی (ماچ‌و موچ) هەر لە سەرەتاوە بۆ باڵێ سوودی لێ وەرنەگیرا. ئێوارەی ١٨٩٢/١٢/١٧ كە بۆ یەكەمین جار لە هۆڵی كۆنسرت دا كەوتە بەرگوێ. لەگەڵ دوا ئۆپێرای چایكۆفسكی دا كە ئۆپێرایەكی یەك پەردەیی بوو بەناوی (یولانتە) لە هەمان شەودا پێشكەش كران. هەردوو بەشەكە تا ئەو ڕادەیە پێشوازی كران كە خەڵكەكە فیكەیان بۆ نەكێشان‌و هەراو هۆریایان نەنایەوە. جگە لەو تیشكانەی لە شەوی پێشكەشكردنی (ماچ‌و موچ)و ئۆپێرای (بولانتیە)داتووشی چایكۆفسكی بوو، ئیدی زستانی ساڵی ١٨٩٢- ١٨٩٣ بریتی بوو لە زنجیرەك سەركەوتن‌و شانازی كە لە هەموویان گرنگتر ئەمە بوو كە بوو بە ئەندامی كاراو هەمیشەیی ئەكادیمیای فەرەنسا،دووەمیان سەركەوتنی ئۆپێرای (ڕامپسیك) بوو لە پراگ.خەڵكی بە جۆرێ بە چەڵپەڕێزانی بەردەوام پێشوازییان لیكرد كە سەردەمی (گلوك)و (موزار)تی دیناوە بیر. كۆنسێرتێكی دیكەی لە شاری بروكسیلدا پێشكەش كرد كە ئەویش لە ڕادەبەدەر جێی ڕەزامەندی بوو. بەڵام لەو نامانەیدا كە بۆ (فلادیمیر بۆب دافیدوف)ی خوشكەزای دەنووسین وا دەردەكەوێ بە ترسێكی نادیاری گەورەوەو بە تاسەیەكی ئاڵۆزەوە ویستبێتی بگوازێتەوە بۆ ئەو خانووە پەرپووتەی كە تازە لە شاری (كلین)ی نزیكی مۆسكۆ كڕی بووی‌و لەوێندەر بە ئاسوودەیی بژی. لە مانگی یەكدا دیسان گەڕایەوە خاكی روسیا. بەڵام پێش ئەوەی بچێ بۆ (كلین)و ئەو سەمفۆنیایەی لە پارەوە كاری لەسەر دەكرد تەواو بكا، دەعوەت نامەیەكی بۆ هات كە بەشداری ئەو میهرەجانەی ئۆدیسیا بكا كە لەسەر شەرەفی ئەو سازكرابوو. بەشداری ئەم میهرەجانەی كردو ناچار زەحمەتی دانیشتنی لەبەردەم (كۆتزنتسوف)ی نیگاركێشدا كێشا تا وێنەیەكی شەخسی بكێشێت. ئەم وێنەیە پیرەمێردێكمان نیشان دەدا كە دەڕوانێتە ئێمە پیرەمێردێكی پشت كۆماوە بە سیمای خەمبار، داوی سپی لێرەو لەوێ روویان داپۆشیوە. لێوە تانە ئامێزەكانی بە تەواوی‌و بە ئاشكرا نیشان دراون‌و نەخراوەتە پشت پەردەی ردێن‌و سمێڵە چەرمووەكەیەوە. چاوە شینە گەشەكانی قووڵایی ناخی مرۆڤ دەسمن. (مودست) گوتوویەتی كە ئەم وێنەیە تەواو لە چایكۆفسكی دەچێ.

ئیدی كاتی ئەوە هاتبوو بچێ بۆ (كلین)و تا مانگی پێنج بە ئاسوودەیی لەوی بەسەر بەرێ. چونكە موافەقەتی كردبوو لەو مانگەدا بچێ بۆ ئینگلستان تا دەرەجەیەكی فەخری لە زانستگای كامبورج وەربگرێ. نەخشەی سەمفۆنیا تازەكەی تاوتوێ كردو سەیری كرد زۆر میكانیكی‌و ساردو سڕە بۆیە لە سوچێكا دایناو كەوتە سوراخی ئەو فیكرەیەی كە لە سەفەرێكا بۆ فەرەنسا لە ناو فارگۆنی قیتاردا بۆی هاتبوو. زۆر بە خێرایی سەمفۆنیای هەرەمی دانا. لە نامەیەكیدا بۆ (بوب دافیدۆف) بەو پەڕی شادییەوە گوتوویەتی "تۆ ناتوانی پەی بەوە ببەی كە چەند شادو دڵخۆشم بەوەی هێشتا هێزی فیكریم لەبن نەهاتووە". لە مانگی پێنجدا چوو بۆ ئینگلستان‌و لە ئێوارەی ڕۆژی یەكەمی مانگی شەشدا سەمفۆنیای چوارەمی خۆی لەگەڵ ئۆركستەری فیلارمۆنیكی لەندەندا ڕێبەری كرد. (سانت سانس)یش ئەو شەوە یەكێك لە سەمفۆنیاكانی خۆی

پێشکەش کرد.بەڵام کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو پێشوازییە گەرم‌و گوڕەوە کە لە چاپکۆفسکی کرا. قەرار وابوو دوای ١١ ڕۆژی دی لەگەڵ (سانت سانس)و (ماکس بروخ)و (بییوتو)و (گریك)دا دەرەجەی دکتۆرای فەخری لە زانستگای کامبۆرج وەربگرن، بەڵام ئەو –چاپکۆفسکی– غایب بوو.

پاش گەڕانەوەی بۆ کلین لە ئاخرو ئۆخری مانگی هەشتدا کەوتە ڕێکخستنی ئۆرکستەری سەمفۆنیای شەشەم‌و نامەیەکی پڕ لە ئاسوودەیی بۆ وەشانکارەکەی نارد کە تێیدا گوتوویەتی "بە شەرەفم هەرگیز لە ژیانمدا تا ئەم ڕادەیە لە خۆم ڕازی نەبووم و بە خۆم نەنازیوم. هەرگیز ئەوەندە دڵخۆش نەبووم کە دەبینم بەرهەمێکی چاکم لەسەر بناغەی ڕووناکترین حەقیقەت هێناوەتە ئاراوە" گفتوگۆیەك لەمەڕ ناوی سەمفۆنیا تازەکە کرا ،(مودست) ڕای وابوو ناوبنرێ (تراژیك)و ئەم وشەیەی بە وشەیەکی پڕ بە پێستی حاڵەتی سەمفۆنیاکە دەزانی. چایکۆفسکی بەو ناوە ڕازی نەبوو. بۆیە مودست وشەی (پاتەتیك)ی هەڵبژاردو چاپکۆفسکی ئەم ناوەی پەسەند کردو پێی خۆشحاڵ بوو. چاپکۆفسکی لە ٢٨/ ١٠دا سەمفۆنیای نێوبراوی لە (سنپترسبۆرگ)دا ڕێبەری کرد. ئەوەی بەڕاستی مەسخەرەیە ئەمەیە کە تاقە سەمفۆنیایەك چایکۆفسکی بەشادی‌و غرووڕەوە باسی دەکرد ،خەڵکەکە هیچی لێ حاڵی نەبوون‌و زۆر بە ساردو سڕی پێشوازییان لێکرد.(ریمسکی کورساتف) پاش تەواوبوونی کۆنسێرتەکە لە چایکۆفسکی دۆستی پرسی کە ئایا سەمفۆنیای سێ ماینەر چیرۆکی هەیە؟ چایکۆفسکی لە وەڵامیا گوتی بەڵێ بەڵام بەشێکە لە نهێنییە شەخسیەکانم. ڕەنگە چیرۆکەکەی پێوەندی بە (بوب دافیدۆف‌و مودست)ەوە هەبێ، چونکە چایکۆفسکی سەمفۆنیاکەی بەوان پێشکەش کردبوو. (هافلاك ئەلیس) بێ پەردەو بە ڕاشکاوی سەمفۆنیای شەشەمی ناو ناوە (تراجیدیای کەچڕەوی سێکسی).

لە سەرەتاکانی مانگی یازدەدا چایکۆفسکی پاش ڕابواردنی شەوێکی خۆش، بەیانی لە خەو هەستاو هەستی کرد نەخۆشە. (مودست) پێشنیازی کرد کە بچێتە کن دکتۆر. بەڵام چایکۆفسکی ئەم پێشنیازەی ڕەفز کردو گوتی بە شووشەیەك (ئاوی هونیدیا) چاك دەبێتەوە. بەڵام لە بری ئەوە پەرداخێ شیری خاوی خواردەوەو ئەم کارە لەو کاتەدا کە نەخۆشی کولێرا لە سنپترسبۆرگدا بڵاوبووبووەوەو کارێکی بێ ئەقڵانە بوو. بۆ شەوێ نەخۆشییەکەی توندتر بوو و کاتێ کە دکتۆریان هێنایە سەری. گوتی تووشی کولێرا بووەو لەسەرە مەرگدایە. تەنیا ماوەیەکی کەم نەبێ کە حاڵی هەندێ باش بوو. ئیدی سەعات بە سەعات خراپتر دەبوو و هەرچییەکی دەکرد تینووێتی نەدەشکا. لە ١٨٩٣/١١/٦دا کەوتە گیانەڵلاو لە کاتێکا کە لە بن لێوانەوە ناوی (نادجدا فیلارتوفنا)ی دەگوت‌و دەگوتەوە گیانی سپارد.

دەمودەست دەنگۆیەکی ناشیرین کەوتە سەرزاران. دوو هەفتەیەك پاش مەرگی، سەمفۆنیای (پاتەتیك) وەکو یادێکی ئەو پێشکەش کراو لەلایەن ئامادەبووانەوە پێشوازییەکی لە ڕادەبەدەر گەرم‌و گوڕی لێکراو ئەم دەنگۆو مقۆمقۆیە پتر کەوتە سەر زاران کە دەبێ سەمفۆنیاکە ناوبنرێ (سەمفۆنیای خۆ کوژی) هەڵبەت ئەو دەنگۆیەی لەلایەن دەنگۆسازان‌و کەسانی گەوجەوە خرا

بووه سەرزاران کە گوایە چایکۆفسکی خۆی کوشتووە فڕی بەڕاستییەوە نەبوو. بەڵام لەلایەکی دییەوە سووکە حەقیقەتێکی تێدا بوو، چونکە سەمفۆنیای شەشەم پوختەیەکی شەرحی ژیانی چایکۆفسکییەو لایەنی چاكو پەسندو لایەنی خراپو ناپەسندی ژیانی ئەوی شان بە شانی یەك گرتۆتە خۆ. هەموو کەمو کوڕییەکانی بە شێوەیەکی ئاشکراو حاشا هەڵنەگر لە سەمفۆنیاکەدا دەربڕاوە.

مجێز توندی و بێ توانایی خۆپاراستن لە شتی هیچو پووچ ،خەم خواردن بۆ تەمەنی لە دەست چوو کە خۆی لە خۆیدا زەمینەی نەخۆشییەکی دەروونییە، پەرێشانیو سووتان، لە جوملەی ئەو عەیبانەن کە لەم سەمفۆنیایەدا ڕەنگیان داوەتەوە. بەڵام لە پاڵ ئەم عەیبانەدا ئاوازی رەوانو بێ گرێی زۆرو بلیمەتی دانەر لە هەڵبژاردنی سازی گونجاوو ئاگاداری وشارەزایی لە توانای هەر سازێکا، هائاهەنگی تەواو ودەروونی ریتمەکانو سەراحەتو فەساحەت لە ڕازاندنەوەو پەرچ کردنی خاڵی قەیراندا هەموو ئەمانە بە جوانیو لە شوێنی خۆیدا لە سەمفۆنیاکەدا جێیان کراوەتەوە. هەڵبەتە ئەگەری ئەمەش هەیە کە لەبەر حەرەکەیەکی سەمفۆنیای شەشدا پیاو خاڵی نا سازگارو ناخۆش بدۆزێتەوە کە یەکەمیان فرمێسك رشتنی بەردەوامە دووەمیان سەرکێشییە، سێیەمیان چەنەبازی جەڵەبی وبازاڕییەو ئەویتریان خۆنواندنە تووڕەکانێتی. بەڵام ئەمە لەو ناسازگاریو ناخۆشیانەیە کە پیاو لەزەتیان لێدەبینێ. چونکە سەمفۆنیای نێوبراو کە بەرە بەرە پەرە دەسێنێو دەکەوێتە روو ودەکرێتەوە قووەتو هەڵچوونو بزووتنەوەیەکی وا پەیدا دەکا کە هەرگیز نکوڵی لێ نەکرێ. زانایانی ساردی ماتماتیك دەڵێن هەموو ئەم سەمفۆنیایانە زادەی کۆکردنەوەی پارچە لێك دابڕاوەکانێتی.بەڵام چایکۆفسکی سەلماندوویەتی کە ئەم حیساب کردنە دروست نییە. سەمفۆنیای شەشەم کە وەکو بەرهەمێکی یەك پارچە سەیر دەکرێ تواناو جوانیو کەماڵێکی تێدا دەبینرێ کە جوانی و هێزو گوژمەکانی لێکدی دەدا نەك لەگەڵ یەکدا کۆیان دەکاتەوە. کاتێ کە ئۆقیانووسی تەواوی ئاهەنگ بەرەو ئێمە دێ، ئیدی چ مەعنایەك بۆ ئەوە نامێنێ ئێمە دەربارەی فرمێسکی بازاڕیو چەنەبازیو سستی ئەو، زاری خۆ بە قسەی بێهودە ماندوو بکەین.

**پەراوێزو روونکردنەوە:**

١- سوپای گەورە. مەبەست ئەو سوپایەی ناپلیۆنە کە لە ساڵی ١٨١٢دا پەلاماری روسیای دا.

٢- دونی زیتی، ١٧٩٧- ١٨٤٨ یەکێکە لە دانەرە مۆسیقاییەکانی ئیتاڵیا کە ئۆپراکانی زۆر بە ناوبانگن.

٣- تورجنیف. ١٨١٨- ١٨٨٣ ڕۆمان نووسێکی روسیە.

٤- نیکۆلای ئیفانوفیچ تزارمبا. ١٨٢١- ١٨٧٩ مامۆستای مۆسیقا بوو لە سنپترسبورگ.

٥- ئانتوان رۆبنشتاين ١٨٢٩- ١٨٩٤ يەكێك بوو لە پيانۆ ژەنەكانی روسيا. لە ساڵی ١٨٦٢دا كۆنسرفاتۆری ئيمپراتۆری لە سنپترسبۆرگدا دامەزراندو تا ساڵی ١٨٦٧ بەڕێوەبەری كۆنسرفاتۆری ناوبراو بوو.

٦- نيكۆلای ١٨٣٥- ١٨٨١ كە برای (ئانتوان رۆبنشتاين) بوو. لە براكەی چاكتر پيانۆی لێدەدا. ماوەيەك بەڕێوەبەری كۆنسرفاتۆری مۆسكۆ بوو كە بە خۆی دايمەزراند بوو.

٧- يوهان شتراوس ١٨٣٥- ١٨٩٩ دەسەڵاتداری هەرە گەورەی ڤاڵس بوو كە پارچەی (دانۆبی شين)و (هەزارو يەك شەوە)ی بەناوبانگن.

٨- دێزيرا ئارتۆت ١٨٣٥- ١٩٠٧ دەنگ بێژی ناوداری سۆپرانۆ بوو كە بۆ ماوەيەكی زۆر لە پاريس دا بە ئەستێرە گەشەی ئۆپرا ناسرا بوو.

٩- ميلی بالاكيرف. ١٨٣٧- ١٩١٠ دانەرێكی مۆسيقای ناوداری روسيا بوو. يەكێك بوو لە گروپی دانەرانی ميللی مۆسيقا لە روسيادا. قوتابخانەی ئازادی مۆسيقای دامەزراند.

١٠-ميكائيل ئيفانۆفيچ گلينيكا ١٨٠٤- ١٨٥٧ پيانۆژەنو دانەرێكی ناسراوی مۆسيقای روس بوو، باوكی مۆسيقای ميللی بوو، نووسەری يەكەم ئۆپرای ميللی ئەو وڵاتە بوو.

١١-بورودين. ١٨٣٤- ١٨٨٧ مۆسيقازانێكی روس بوو. بەشێوەی قوتابخانەی تازەی روس مۆسيقای دادەنا.

١٢-مۆسۆ رۆگسكی. ١٨٢٩- ١٨٨١ يەكێك بوو لە دانەرە مۆسيقييە بەرجەستەكانی روسيا.

١٣-سزاركويی ١٨٣٥- ١٩١٨ مامۆستای تەلاركاری بوو لە ئەكاديميای هونەريی سنپترسبۆرگ.

١٤-ريمسكی كۆرساكف ١٨٤٤- ١٩٠٨ يەكێك بوو لە شاگردەكانی بالاكيرفو مامۆستای كۆنسرفاتۆری سنپترسبۆرگ بوو، دەستێكی باڵای لە رێكخستنی ئامێرە مۆسيقايەكاندا لە ئۆركستەرا هەبووە.

١٥-گونوو ١٨١٨- ١٨٩٣ ئێستاش (ئۆپرای روميو جولێت)ەكەی پێشكەش دەكرێ.

١٦-بليتی ١٨٠١- ١٨٣٥ ئۆپرا سازێكی ئيتاڵی بوو كە لە لای موزارو هايدنش مۆسيقای خوێندووە.

١٧-ئاندانيتە كانتا بيلە. يانی پارچەيەكی عاشقانە (غەزەلێ) كە بە شێوەيەكی هاوسەنگیو قورس لێدەدرێ.

١٨-ئالگرۆ. يانی توندو گەرمو گوڕ

١٩-فرانك ١٨٢٢- ١٨٩٠ دانەرێكی ناسراوی بەلچيكی بوو، سەمفۆنيای ر-ماينەرەكەی لە هەموو دنيادا ناسراوە.

٢٠-ئانتۆنی دوفژاك ١٨٤١- ١٩٠٤ دانەرێكی ناوداری چيكۆسلاڤ بوو ماوەيەك بەڕێوەبەری كۆنسرفاتۆری شاری براگ بووە، سەمفۆنيای پێنجەمی بە ناوی (لە دنيای تازەوە) زۆر مەنشورە.

٢١–سترافینسکی ١٨٨٢– ١٩٧١ دانەرێکی ناسراو بوو، خەڵکی روسیا بوو بەڵام لە ئەمریکا دەژیا.
٢٢–تمپودی مارکیا فونبرە. یانی لە سەر وەزنی (مارشی پرسە).
٢٣–کرشندو، حاڵەتێکە لە مۆسیقادا کە دەنگ تێیدا بەرە بەرە توندتر دەبێ.
٢٤–لیودلیب، ١٨٣٦– ١٨٩١ ئۆپراو باڵێی جوانی هەن.
٢٥–فیچی، شارێکی بەناوبانگی فەرەنسایە کە بە ئاوی مەعدەنی مەعروفە.
٢٦–پۆشکین ١٧٩٩– ١٨٣٧ شاعیرێکی گەورەی روسیا بوو.
٢٧–ئانتۆنینا، کە گیرۆدەی عەشقی چایکۆفسکی بوو، نەخۆشی دەروونی لەگەڵدا بوو ساڵ بە ساڵ حاڵی خراپتر دەبوو. نامەی دوورو درێژی بێ سەروبەری بێ مەعنای بۆ شووەکەی دەنووسی، هیچ چەشنە گازاندەو گلەییەك لە نامەکانیدا نەدەبینرا، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆری لە باوەشی ئەمو ئەودا گوزەراندو (ژمارەیەك منداڵی نا شەرعی بوو) لە ساڵی ١٨٩٦دا خستیانە شێتخانەوەو لە ساڵی ١٩١٧ مرد. چایکۆفسکی هەمیشە بە سۆزەوە باسی ئەم ژنەی دەکردو هەمیشە خۆی بە خەتابار دەزانی کە زەماوەندی لەگەڵیا کردووە.
٢٨–فرانسیسکا دارینینی، ناوی کیژێکە کە درا بە (ریمینی) خوداوەند، (ریمینی) لەنگ بوو. رۆژێ ریمینی خواوەند تازە بووکەکەی، لە باوەشی براکەی خۆیدا دەبینێ‌و هەردووکیان دەکوژێ. ئەم بەسەرهاتە لە دەوروبەری ساڵی ١٢٨٥ رووی داوە. دانتی شاعیری گەورەی ئیتاڵیا ئەم بەسەرهاتەی لە (کۆمیدیای ئیلاهی)ەکەی باس کردووە.
٢٩–جیمس هونیکەر ١٨٤٠– ١٩٢١ نووسەرو رەخنەگرێکی ناوداری ئەمریکا بوو.
٣٠–ئارابسك، ناوی فۆرمێکی تایبەتی مۆسیقایە کە زۆر سووك‌و دڵگیرە.
٣١–راپزودی، پارچەیەکە بە یەك ساز لێدەدرێ. بابەتەکەی بە شێوەیەکی گشتی لە ئاوازە ناوچەییەکان یا میللییەکانەوە وەردەگیرێ. هەڵبەتە (راپزودی)یەکانی (برامس) لەم حاڵەتە بەدەرن.
٣٢–ماسنیە. ١٨٤٢– ١٩١٢ ئۆپراسازی ناوداری فەرەنسا بوو.
٣٣–ئەلجی، دانراوێکی خەمناکە بۆ ئاواز یان ساز دادەنرێ.
٣٤–ئەدۆلف برۆدسکی ١٨٥١– ١٩٢٩ کەمانچەژەنێکی روس بووە کە چەندین ساڵ مامۆستای کۆنسرفاتۆری مۆسکۆو هەندێ شاری تری ئەوروپا بووە. (مانچستر)ی ئنگلستان یەکێك لەو شارانە بووە.
٣٥–ئەدوارد هنزلیك ١٨٢٥– ١٩٠٤ لە نووسەرو رەخنەگرە ناودارەکانی چیکۆسلۆفاکیا بووەو گەلێ وتارو کتێبی ناودارو گرینگی لەسەر مۆسیقا نووسیوە.
٣٦–رۆزا نیومارچ ١٨٥٧–١٩٤٠ نوسەرێکی ئینگلیزەو هەندێ بەرهەمی دەربارەی (برامس)و (لیست)و (بورودین)و (چایکۆفسکی) بڵاو کردووەتەوە.
٣٧–(سوییت) پارچەیە بۆ ئۆرکستەر بەکاردێت. لە پارچەی جیاواز جیاواز پێك هاتووەو بەشێوەی سەما رێك دەخرێ.

٣٨-موزاريتانا، چایکۆفسکی بۆ ستایشی موزار دایناوە.

٣٩-گریك ١٨٤٣-١٩٠٧ دانەرێکی مۆسیقای ناوداری نەرویج بوو.

٤٠-گروف، ١٨٢٠-١٩٠٠ سەرنووسەری لوغەتنامەیەکی موسیقی بوو بە هەمان ناو (گروف).

٤١-گونود ١٨١٨- ١٨٩٣ مۆسیقا سازێکی فەرەنسی بوو.

٤٢-یادروسکی ١٨٤٠- ١٩٤١ پیانۆژەنێکی پولەندی بوو لە ئاخرو ئۆخری ژیانیا وازی لە پیانۆ هێنا تا خزمەت بە رزگاری ولآتەکەی خۆی بکا. لە کۆنگرەی ئاشتی فرسای بەشداری کرد.

٤٣-ئەلکساندەری سێیەم ١٨٤٥- ١٨٩٤ لە سالی ١٨٨١وە تاکو مرد هەر ئیمپڕاتۆری روسیا بووە.

٤٤-ئورورا، لە ئەفسانەکانی ڕۆمادا خوای بەزەییەو لە یۆنانی کۆندا(ئەیوس)ی پێ گوتراوە.

٤٥-والتر دامروش ١٨٦٢-١٩٥٠ مۆسیقا زانێکی ئەمریکی بوو. رێبەرو دامەزرێنەری ئۆرکستەری سەمفۆنیای نیویۆرك بوو. هەروەها کۆڕێکی ئۆپراشی دامەزراندووە.

٤٦-هولی زەرد، هۆلێکی بەناو بانگی کۆنسێرتە لە شاری نیویۆرك.

٤٧-سیولیستا، سازێکە لە چەشنی پیانۆ.

٤٨-ڤیکتور هەربرت ١٨٥٩- ١٩٢٤ مۆسیقا زانێکی ئەمریکی بوو.

٤٩-ئودیسا، بەندەرێکی کەناری دەریای ڕەشە لە خاکی ئۆکرانیادا.

٥٠-ماکس بروخ ١٨٣٨- ١٩٢٠ پیانۆژەنو دانەرێکی ناوداری ٥١-بویتو ١٨٤٢- ١٩١٨ شاعیرو رۆماننووسو نووسەرو رێکخەری شیعری ئۆپراو مۆسیقازانێکی ئیتالیایی بوو.

٥٢-هافلاك ئەلیس (١٨٥٩- ١٩٣٩) دەروونناسێکی ناودارو نووسەرێکی ئینگلیزی بوو.

ئەلمانی بوو.

# فەرهەنگۆك

## ئا

**ئەداو ئەتوار: ڕەوشت و ئاكار**

**ئارایشتکار : ئارایشتگەر ، مکیاجکار**

**ئەوك : قوڕگ، ەروو، بەرمل**

**ئاسیو : ئازار، بەلاّ ، زیان، زەرەر**

**ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە**

**ئەنگۆ: ئێوە، هەە، هون**

**ئەگەرنا: دەنا، ئەگینا، ئەگین، گەرنا**

**ئێژی : دەڵێی**

**ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی**

**ئیكلام : كڕنۆش، سەرچەماندن بۆ ڕێزگرتن**

**ئامێز : باوەش، هەمێز**

ئەزبەنی : گەورەم، قوبان

ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار

ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەکر

ئۆینباز : بەمەکرو فێڵباز، پیلانگێڕ

ئێشك: پاس، کێشك

ئاکنجی: نیشتەجێ

ئالوودە:گیرۆدە، خووپێگرتوو

ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ

ئاشپەز: شیوکەر، چێشت لێنەر، چێشت چی

ئەنگێزە: هۆ، هاندەر، سۆنگە

ئەستەم: زەحمەت، ئاسێ ، دژوار

ئیرەیی: حەسوودی

ئەستێڵ: حەوز

ئیستەرەم: دەمەوێ

ئەستڕ: بەر، بەری کەواو...

ئاپۆڕا: حەشامات، قەرەباڵغی

## ب:

باوەژن: زڕدایك، هوێ دایك، باجی

باب: باوك

باڵنما: باڵنوێن، ئاوێنەی باڵڕوان

بەلەز: خێرا، بەپەلە، گورج

بلوور: شووشە

بێنەوا: هەژار، بێچارە، داماو

بە تۆبزی: بە زۆر، بە خورتی

بە روحم : بە بەزەیی ، دلۆڤان

برنجە: جۆرە کانزایەکە، زەردی سەماوەر(قصدیر)

بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان

بەرۆك: یاخە، یەخە

بەکاوەخۆ: بە هێواشی

بەرسڤ: وەڵام

بەڕك: گیرفان، باخەڵ

بالیفۆکە: سەرینی بچووك، گۆشە

بوری: تێپەڕی

بیلبتون: بە تەواوەتی

بەو ئاوایە: بەو جۆرە، بەو شێوەیە

باریە: لۆسە

بەستێن: رۆخ، کەنار، گوێ چەم، دەم چەم

بێشە: دارستان، لێر

بەرکۆشە: بەرهەڵبێنە

بن پیاڵە: ژێر پیاڵە

بۆرەقنە: ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو

بوێر : ئازا، دلێر

بێوەی: بێ زیان، سەلامەت

باڕ : بێچووە مەلی بەهارە

بێزوو: بێزگ، مەگێرانی

بێزگەوان: بێزووکەر

بەلانس: هاوسەنگی

بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر

باجەوان: باجگر

بەسوێ: بە ژان، بە ئازار

بەردەبار: پیاوی زاناو بە تەگبیر

بێدادی: نەهەقی

بەیتاڵ: پزیشکی ئاژەڵان

بویەر: ڕوودا و

باژێرۆك: شارۆچکە

باشار: دەربردن، خۆراگرتن

بەرایی: پێشایی، بەراهی

بەڵەد: شارەزا، ڕێزان، ڕێنوێن

بەفرە ژیلکە: بەفری زۆر دەنك ورد

بەلەك: پووز

## پ:

پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان

پارك: باخ

پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەك

پۆڕ: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە، لە مریشك گەورەترە

پێشکار: خزمەتکار

پەیڤ : وشە، وتە ، قسە

پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن

پەری : فریشتە

پاژ: بەش

پرتەو: تیشك ، روناکی

پێکڤە: پێکەوە، بە هەڤڕا

پڕ: زۆر، تەژی

پۆستین: فەروە، کەوڵی تیسکن

پەژمردە: چەرمسی، ژاکاو

پایدۆس: دەست لە کار هەڵگرتن

پۆڵکە: گاگۆز

پەسیو: پەسیڤ، هەلأمەت

پیتاك: باربوو، کۆکردنەوەی دارایی

# ت:

تەمەشاڤان: بینەر، سەیرکەر

تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر رێژ

تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی

تالووکە: مەترسی، خەتەر

تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ

تەژەو ناقۆلاَ: گەورەو ناشیرین

تاین: یارۆ، فلأن، ناڤبری

تاژی: سەگی ڕاو، تانجی

تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن

تەیرو تو: باڵندەو مەلان

تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن

تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم

تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ،جەمین

تۆرینۆك:تووڕەو دڵناسك

تەختەبەن: تەختە خەو

تەقوو: بەڵکوو ،هاتوو

تاقەتکردن: شاردنەوە، داکردن

تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن

تیلمە: تیلماسك

تیلاگ: لاسەر

تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو

تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ

تەریدە : ڕێگر ، چەتە

# ج:

جەگەن: گیایەکە لاسکی سێ سووچە لە زەڵکاودا دەڕوێ

جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو

جەلۆ: هەرزە پیاو، سەرسەری

جندەخانە: سۆزانی خانە، قەحپەخانە

جەڕباندن:تاقی کردنەوە، تەجرەبە کردن

جوڕنە: حەوزۆکەی گەرماو

جما: جولاً، بزوا

## چ:

چەلەنگ: چوست و چالاك، گورج و گۆڵ، شۆخ و شەنگ

چینی: جۆرێ سواڵەتی هەرەباشە، وەکو کاشی

چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو

چڕین: وتن ( بۆ گۆرانی و قام)

چێڵ: مانگا

چەنگ: ئامێرێکی موسیقایە، هارپ

چەکمە: جەزمە، پووت

چەمەنزار: مێرگ، مێرغوزار، سەوزەزار

چما: بۆچی، ئەڕا، لەبەرچی

چقڵ: دڕك، دڕو، دڕی

چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش

چوغورد: چوغور، چغر، چڕ

چمك: سووچ، گۆشە

چوارنکال: هەرچوارلا

چێبوو: دروست بوو

چەمووش: سلّ، رەوەك، لەقەهاوێژو گازگر

## ح:

حایرمان: سەرسام بوون

حەسار: حەوش

حەنەك: جەفەنگ،قسەی گاڵتەو گەپ

حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئالۆش

حەژمەت: مەینەت، خەفەت، کەسەر، داخ، خەم

حەجامات: خوێن بەردان

## خ:

خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان

خشکۆك: دەلال، جوانکیلە، جوان، قەشەنگ

خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج

خا: خات، خاتوون، خانم ، یا

خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن

خاپینۆك: فریبۆك، فێڵباز

خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە

خودان: خێو، خاوەن، ساحێب

خوڵك: خوڵق

خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری

خشت: ڕێك، بێ کەم و زیاد

خوبزە: نۆکەر، خزمەتچی، خولاّم

خاکی: بێ هەوا، بێ فیز

خەرگە: پەڕۆی کۆن و پیس

خوابەختەکی: خۆو بەخت، بە هەڵکەوت

## د:

داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە

دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جێ

دێرکەوتن: دواکەوتن

دلپاقژ: دڵپاك، بێ فرو فێڵ، بێ گزی

دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا

ژنەوتن: بیستن

داگەڕان: هاتنە خوارەوە

دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی

دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان

هاژۆتن: لێخوڕین

دیدەوانی: ئێشکگرتن ( بە تایبەتی ئێشکی سەر قەڵات و بورجان)

داپیرە: دایە گەورە، نەنك

دەلیڤە: دەرفەت ، هەل

درەخت: دار

دەربارییان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی

دڕوو: دڕك، چقڵ، دڕی

دڵڕەش: بێ ەزەیی، ستەمکار، دڵرەق، ڕکوونی

دامە: مۆر

دنگ: دینگ، ئامرازی چەڵتووك کوتان

دەڵەکدان: پاڵنان

دڕدۆنگ: دوودڵ، بە گومان

دوونیەتی: خوێڕیەتی، بچووکی

دەڵەچە: مەرایی کەر، ماستاوچی

دۆنکی: داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ

## ڕ:

ڕەقسین: سەما، هەڵپەڕین

ڕنەك: قەشەو

ڕدێن: ریش

روندك: فرمێسك، رونتك، ئەسر، ئەسرین

ڕۆحانی: پیاوی ئاینی

راز: نهێنی

رابوون: هەستان

ڕۆخانە: روبار، چۆم، چێم، ڕوو

ڕند: جوان، خوشیك، خوشكۆك

ڕمووده: ئالووده، هۆگر

رادەست: خۆ بە دەستەوەدان

ڕەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە

ڕەقیب: نەیار، خەنیم

ریسك: مغامەرە

ریوەڵە: بچكۆلەی لاوان، بێ نموود

ڕۆنیشت: دانیشت

رووپامایی: مەرایی، دەڵەچەیی، بن ریشەیی

راموسان: ماچ

ڕەهەنە: ڕەهەندە، عەودالْ ئاوارە، چۆڵگەڕ

## ز:

زڕكیژ: كچی مێرد بۆ باوەژن، یان كچی ژن بۆ باوەپیاڕە

زێدە: زیادە

زەلام: گەورە، ناقۆڵاو تەژە

زار: دەم، دەو

زوڕییەت: وەچەو نەوەو نەتیرە

زێد: زاگە

زاگە: زێد، شوێنی لە دایكبوون، مەفتەن

زوخاڵ: رەژوو، خەڵووز

زگڕەش: ڕكوونی، بوغزن، كینە لە دڵ

## ژ:

ژێوان: پەشیمان

ژارخەن: پێكەنینی ژەهراوی

## س:

سەرزەنشت: سەركۆنە، لۆمە

سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە

سپڵە: پێنەزان، بێ ئەمەك، بێ وەفا، نمەك حەرام

سۆز: پەیمان، بەڵێن

ستران: گۆرانی، قام، لاوك

سپێدە: بەرەبەیان

سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار

سەمت: لا، ئالی، رەخ

سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد

سەرگوروشتە: سەربوردە،

سخێف: جنێو

سەختگیر:توند و بەزەبت و رەبت

سیوات: خوێنەواری

سائەقڵ: شێتۆکە

سەربۆز: سەر ماش و برنج

ساناو: قوڕاو

سێوی: هەتیوو، منداڵی بێ داك و باب

سیکتر: دەرکردن، تڕۆکردن

سونگی: قەمە

سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی

سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،

ستێران: ئەستێران

سابرێن: نێری، تەگە

سەرۆ: ئیلهام، سرووش

# ش:

شڕندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شڕپۆش: شڕۆڵە، بێ بەرگ و بار

شەپپور: بۆقی، کەڕەنا

شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران

شکەفت: ئەشکەوت

شکەستەنی: ناسك، شتێ زوو بشکێ

شتاقیان، هیچیان، کەسیان

شنگ: هێز، تاقەت، توانا

شەقاو: هەنگاو

شلینگ: پارەیەکە

شاپ: شەق

شەکەت: ماندوو، هیلاك

شوورە: دیوار

شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی

شەنگوڵ: بە دەماخ، کەیف خۆش

شەبەیخوون: پەلامارو هێرشی شەوانە

شەلاق: شەلاخ، قامچی

**شەم: مۆم، شەمالك**

**شەمدان: مۆمدان، شەمان، جێگەی مۆم**

**شۆڤار:زمان شڕ، نێوان تێکدەر، جاسووس**

**شەکەت: ماندوو. هیلاك**

**شاشك: مێزەر، پێچی مێزەر**

**شیرەت: راوێژ، ئامۆژگاری**

## ع:

**عاسا: دار عاسا، داردەست**

**عەیار: زیتەڵ، زۆرزان**

**عەبەنووس: دارێکی رەش و رەق و بەنرخە**

**عەیان: دیار، ئاشکرا، لەبەرچاو**

## غ:

**غاڕ: ئەشکەوت**

**غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس**

**غەوارە: غەریبە، بێگانە**

**ف:**

**فەرمایشت: فەرموودە، قسە**

**فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران**

**فشقیات: حەنەك، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بێ تام**

**فراڤین: نیوەرۆژە، خواردنی نێوەرۆ**

**فەرسەخ: فەرسەق**

**فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیە، روحزل**

**فاما: فامیدە، تێگەییشتوو، زیرەك**

**ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووك، ئاواڵە، کراوە**

## ق:

**قالیچە: مافووری بچووك**

**قرمز: سوور**

**قەڕاڵ: پاشا**

**قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت**

**قورباقە: بۆق**

**قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون**

**قووچانی: هەڵهات**

**قشتیلە: بچووکی جوانکیلە**

**قالۆر: قاوغ**

**قاپ: قاچ**

قاوغ: قەپێلك، قاپۆرە

قوشقی: توورە، وەڕەز، سڵ ، ڕەوەك

قەرقەشە: تەشقەڵە، شەڕو ناخۆشی

قۆپی: زەڵکاوی قامیشەڵاَن

قەڵەمڕەو: سنوور و کەوشەنی ژێر دەسەڵاَتی کەسێك یان دەوڵەتێك

قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپی ترو زلترە

قەلاَیی:کانزایەکی سپی نەرمە مسی پێ سپی دەکەنەوە

قژاوڵە: تاق تاقکەرە

قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە کۆمەڵ

قەساس: سزا، تۆڵە

قەرەبەخت: بەخت ڕەش، بەدبەخت، نەگبەت

قامك: پەنجە، ئەنگوست، پل، کلك

قامبێژ: گۆرانی بێژ

قەساو: قەساب

قەلەزراو: ترسنۆك

## ك:

کوت ومت: ەقاودەق

کوانگە: کوانوو، ئاگردان

کارمامز: بەچکە ئاسك

کودەڵە: بێچووە بەراز

کوختە: کۆخ، خانووی چکۆلەو خراپ

کوڵکە: موو، توك

کولۆ: کوللە

کەوەیی: شینکی، شینباو، خۆڵەمێشی

کێوە: بۆ کوێ

کەپەك: سۆس

کۆمەك: یارمەتی، هاریکاری

کلۆر: ناوبەتاڵ

کوریژگە: کوڕی بچووك

کەپوو: لووت، دفن

کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار

کەسك: سەوز

کۆمیدی: پێکەنیناوی

کامکردن: نەوس تکان

کەزی: پرچ، زڵف

کلاَوخود: کلاَوی ئاسنینی شەڕڤان

کەرب: رق و کینە

کان: مەعدەن

کێوستان، کۆسار، کۆجاڕ

کۆڵۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە

کەمدوو: کەم قسە

کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان

کەوی: ماڵی، دەستەمۆ

کەڤر: بەرد

کەندەکار: کەسێك کە لە دار نەخش دەکەنێ

کێشکچی: پاسەوان، نیگابان

کۆ : سڵ، سڵکردنەوە

کەپوو : لووت، دفن

کارگە : وەرشە

کەرپووچ : خشتی سوورەوەکراو

## گ:

گۆساخ: چاوقایم، رووقایم

گەدا: پارسەك، سواڵکەر، دەرۆزەکەر

گورزە: باقەی گەورە

گەرەکمە: دەمەوێ ، دەخوازم

گەمە: یاری، وازی، کایە

گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا

گەردنبەند: ملوانکە

گازکردن: بانگکردن

گۆرین: یارۆ، ناڤبری

گوند: دێ، ئاوایی

گومناو: ناوبزر، نەناسراو

گۆزینگ : قولەپێ

گەڵۆز: ناولینگ

گول: گەڕ و گول

گاگۆز: پۆڵکە

گارد: پاسەوانی تایبەت

گۆنگ : ئاڵۆز

گەنگەشە: موناقەشە

گووراو : موخلووق

## ل:

لە کەیفان: لە خۆشیان

لە بیلادەوە: لە ئیجادەوە، لە بنەرەتەوە

لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەلان

لاپرەسەن: فزوڵ، فزوڵی

لەزگ بوو: خەریك بوو، وەخت بوو

لێ: بەڵام

لێبڕا: بڕیاری دا

لۆسە: باریە

لاق: قاچ، لنگ

لەزکرن: خێراکردن، پەلەکردن

لایدە: بێگانە

لەهەنبەر: بەرانبەر

لێ : بەڵام

لەیستۆك : بووکەشووشە، بووکەڵە

لەگەز : مەتەڵ

لەش بەبار: نەخۆش

لەگین:رەنگە، لەوەیە

لوتاوە : پیس بووە

لەز : خێرا ،پەلە

لەبڕ : یەکسەری، بەقۆنتەرات

لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دوورە شەڕ

لاکەوە : لاچۆ ، برۆ کەنار

## م:

موغازە: فرۆشگە، دوکان

مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان

مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن

مژوول: سەرقاڵ، سەرگەرم

مڵ وموش: مڵومۆ، گەران و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیداکردنی خواردن

مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف

مژمژە: مەساسە

میرغەزەب: جەلاد

مەزرا: کێڵگە

مقاش: ماشە

مەگیرانی: بێزوو

مەرزو بۆ: وڵات، نیشتمان

مقەوا: کارتۆن

مەنهۆڵ: زێراب

مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێك

مسكێن : ڕەعییەت، بەرحوكمی ئاغا

مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان

مراك : كەوچك ، كەچك

## ن:

هێورین: حەوانەوە

نەزاكەت: ئەدەب، سەلاری

نیگابان: پاسەوان

نەیجەزار: قامیشەڵان

نسیبەت: بەلاّ

نەترە: وورە

ناچیز: هیچ، زۆر كەم

نەژاد: ڕەگەز، ڕەچەڵەك، ئەسڵ

ناحەز: ناشیرین

نێچیرڤان : ڕاوچی

نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن

نەزاكەت : لوتف و ئەدەب

نك : كن ،لا، جەم ، دەف

ناڤبری : ناوبراو

نەژنەو :نەبیست، منجڕ

نمەد : لباد نیوداشت: نە كۆن و نەتازە

نها : ئێستا، هەنووكە، نهوو

## و:

وەمێنیٚ:بمێنێتەوە

وەكرد: كردەوە

وەشێرت: شاردەوە

وێنا: تەسەور

وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن

وێدەدەم: دەدەمیٚ

وەقف كردن : تەرخان كردن

وەردەوەدان : لە جاریٚ پتر كێلاّن

وەردیان : زیندانەوان

## هـ:

هانكه هانك: هەناسه برکێ

هەژگ: لکەداری وشکەوه بوو، چڕوچیلکەی ئاوردوو

هەڕوگیڤ: هەرەشەو گورەشه

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت له شاخ و کێودا

هەزاربەهەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوه

هایم: سەرگەردان، وێڵ

هەنبەر: بەرانبەر

هەترەش: زەندەق، زراو

هەنووکه: ئیستا، نها، نهوو

هۆشن: بەهۆش

هەتەر: مەودای حوکمی چاو

هۆڤی: کێوی، وەحشی

هزرو هزرین : بیرو بیرکردنەوه

هەیڤ : مانگ

هەدا : سەبر ، حەوسەڵه

هەراوزەنا : هەراو هەنگامه

هەڕەمه : تێکەڵ و پێکەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێکەڵکراو

هاپۆ : مام

هەڵەشه :لەسەر، بێ ئەقڵ

هەرەت : تاف

هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم

هەڤڕك : ملەکەر، ململانێ، ڕکبەڕکێ

هەڕوو : هەڕه ، بڕۆ

هەنگێ : هەینێ ، ئەوسا

هەشتاو : پەله ، لەز، خێرا

## ی:

یاڵ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم

یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست، بێگۆڕان

یارۆ : فلاّن

یاتاخ : پێخەف ، نوێن

٧

**حەمە کەریم عارف**

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایک بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.

- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.

- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگه له ناوی خۆی، به تایبه‌تی له گۆڤاری گزنگی نووسه‌رانی که‌رکووک،نووسه‌ری کوردستان، که‌لتوور، رۆژنامه‌ی ئالای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ به‌ناوی گۆڤه‌ند، زنار، سیپان، پاکزاد، محه‌مه‌دی حاجی، سیروان عه‌لی، دیدار هه‌مه‌وه‌ندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زه‌وان عه‌بدولکه‌ریم به‌رهه‌می بلاو کردووه‌ته‌وه.

*له سالی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمه‌رگه‌ی شۆڕشی کوردستان بووه، له هه‌شتاکاندا بۆ ماوه‌ی نۆ سال، بێ وابه‌سته‌گی حیزبی پێشمه‌رگه بووه و وه‌کو به‌شدارییه‌کی مه‌یدانی و ویژدانی له خه‌باتی ره‌وای نه‌ته‌وه‌ی کوردا شانازی پێوه ده‌کات و منه‌ت به‌سه‌ر که‌سدا ناکات، چونکه باوه‌ڕی وایه که رۆله‌ی میلله‌تی مه‌زلوم مه‌حکومه به پێشمه‌رگایه‌تی.

- له هه‌شتاکانه‌وه تا ٢٠١٠/٨/٢٠راسته‌وخۆ سه‌رپه‌رشتی و سه‌رۆکایه‌تی لقی که‌رکووکی یه‌کێتیی نووسه‌رانی کوردی کردووه.
- زۆر به‌رهه‌م و کتێبی چاپ و بلاو کردووه‌ته‌وه، لێ زۆربه‌ی هه‌ره زۆریان، به تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی له چیادا چاپ بوون به نوسخه‌ی هێنده که‌م بلاوبوونه‌ته‌وه،له نرخی نه‌بوو دان و هه‌ر ئه‌وه‌نده‌یه که له فه‌وتان رزگار بوون. هه‌ندێك له وانه:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یه‌که‌م ١٩٧٩

٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یه‌که‌م،١٩٨٨،چاپی سێیه‌م ٢٠٠٧

٣- به‌یداخ، چیرۆك، چاپی یه‌که‌م ١٩٨٨

٤- داوه‌تی کۆچه‌رییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووه‌م ٢٠٠٥

٥- له خۆ بێگانه بوون، کۆمه‌له چیرۆك،چاپی یه‌که‌م (١٩٩٩) ده‌زگای گولان

٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، به فارسی، وه‌رگێڕان چاپی یه‌که‌م ١٩٨٧ شاخ

٧- نینا، رۆمان، سابت ره‌حمان، چاپی یه‌که‌م،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیه‌م ٢٠٠٥

٨- نامۆ، رۆمان، ئه‌لبیر کامۆ، چاپی یه‌که‌م، شاخ١٩٨٧چاپی چواره‌م ٢٠٠٩ وه‌شانخانه‌ی سایه،سلێمانی

٩- رێبه‌ر، رۆمان، مه‌هدی حسین، چاپی یه‌که‌م (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووه‌م، ٢٠٠٧

١٠-شکست، رۆمان، ئه‌لکسانده‌ر فه‌دایه‌ف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووه‌م، ٢٠٠٩ خانه‌ی وه‌رگێڕان.

١١- هاوماله‌کان، رۆمان، ئه‌حمه‌د مه‌حمود، چاپی دووه‌م ٢٠٠٠ ده‌زگای گولان

١٢ – بێناسنامه‌کان، رۆمان، عه‌زیز نه‌سین، چاپی سێیه‌م ٢٠٠٦

١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یه‌که‌م ٢٠٠٤ ده‌زگای شه‌فه‌ق

١٤- دووره ولات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یه‌که‌م٢٠٠٠ ده‌زگای گولان

١٥- ئازادی یا مه‌رگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یه‌که‌م ٢٠٠٣ کتێبخانه‌ی سۆران، چاپی دووه‌م: ٢٠٠٨

١٦- چیرۆکه‌کانی سه‌مه‌دی بیهره‌نگی، چاپی دووه‌م، ٢٠٠٤ کتێبخانه‌ی سۆران هه‌ولێر

١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جیّ پیّ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك
٢٢-دیدارو دەقو رەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك
٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ -کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١(        )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای
٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)

٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨
٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەنــد و زنــار (فەرهــەنگی فارســی – کــوردی) حەمــە کــەریم عــارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی
٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێــژووی ئــەدەبیاتی جیهــان (ئــەدەبیاتی ئینگلیــزی زمــان- ئــەمریکاو ئینگلیســتان لــە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦

٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ٢٠٠٧،١
٧٥- دەربارەی رۆمان و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مـەرگی نووسـەرو چـەند باسـێکی دیکـەی ئـەدبی-رۆشـنبیری،حەمەکەریم عـارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەلاڵ، حەمە کەریم عارف
٨١-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی
٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
٨٤-وقفات فی رحاب الپقافە الکوردیە، حەمە کەریم عارف
٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز
٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی
٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك تووین
٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی
٩١-سفرەی فەقیران   حەمە کەریم عارف
٩٢-باڵندەکەی من   رۆمان، فریبا وفی
٩٣- نامەکانی تولستۆی
٩٤- جەمیلە، رۆمان   جەنگیز ئایتماتۆف
٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالآنی کورد
٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی
٩٧- کڵوانە سوور... کۆچیرۆك بۆ مندالآن
٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ
٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ
١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی
١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی
١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / رۆمان / نودار دومبادزە
١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی
١٠٤- مێژووی رۆمانی تورکی

* لـە راپەڕینــەوە تــا نهـوو چـالاکانە بەشـداری بزاڤــی ئــەدەبی و رۆشــنبیریی کـوردی دەکـات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاودەکاتەوە..
* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کـەس و گـروپ و لایـەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بکات...